گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 12, No. 1, pp. 201–221, January -March, 2024*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# پەیوەندیی نێوان "سەرمایەی سێکسی" و "دینداری" و "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستان

### توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر

فائیز ئیبراهیم محەمەد
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر
Faez.ib.mu@gmail.com

وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٩    پەسەندکرن: ٢٠٢٣/١١    بەلاڤکرن: ٢٠٢٤/٠٣    *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2024.12.1.1325*

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، مەبەستیەتی لە پەیوەندیی نێوان سەرمایەی سێکسی و دینداری و خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بکۆڵێتەوە و چۆنیەتیی کاریگەرییان لەسەر یەکتر شرۆڤە بکات. لەبەر ئەوەی جۆری توێژینەوەکە "چەندایەتیی"ـە، پشت بە "میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی" و "ئامرازی پرسیارنامە" بەستراوە. شێوازی نموونەگرتنی توێژینەوەکەش بریتی بووە لە "نموونەگرتنی هەڕەمەکیی چینبەندی"؛ پرسیارنامەکە لە نێوان ٤٠٢ کچی خوێندکار لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر دابەش کراوە و بۆ شیکردنەوەی داتاکانیش سوود لە بەرنامەی SPSS و SmartPLS وەرگیراوە. ئەنجامەکانی توێژینەوە وا دەردەخەن کە لە نێوان "سەرمایەی سێکسی" کە لە تیۆری "کاترین حەکیم" هەڵهێنجراوە و "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. هەروەها جۆری پەیوەندی و کاریگەریی ئەودوو گۆڕاوە لەگەڵ "دینداری"دا پێچەوانە و نەرێنییە. پاش بەستنەوەی گۆڕاوی خۆئارایشتکردن لەگەڵ گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و خستنەویان لە مودێلی ڕێگرێشنی هێڵیدا، دەرکەوت کە "وەرزشکردن" و "خۆخەریککردن بە خوێندن"ـی ڕۆژانە، هاوپەیوەندی و کاریگەرییەکی پێچەوانەیان هەیە و لە بەرامبەردا، "باری کۆمەڵایەتی" و "باری ئابووری" هاوپەیوەندی و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ئەرێنییان هەیە لەگەڵ خۆئارایشتکردنی کچاندا.

**وشە کلیلییەکان:** خۆئارایشتکردن، سەرمایەی سێکسی، دینداری، سەرمایەی جەستەیی، کچانی زانکۆ.

## ١. پێشەکی

هەوڵی پەرەپێدانی شرۆڤە و تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ جەستە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان زیادی کردووە؛ هەرچەندە چەمکی جەستە لە ڕابردوودا زیاتر بە چەمکێکی بایۆلۆژی دادەنرا و تەنها لە بواری زانستە ئەزموونی و پزیشکییەکاندا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ جگە لە ڕوانگەی بایۆلۆژی و پزیشکی، جەستە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریش سەیر دەکرێت و توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێت.

بۆیە دەکرێ بڵێین لە هەموو کۆمەڵگایەکدا جەستەی مرۆڤ، جگە لەوەی واقیعێکی فیزیکییە، دیاردە و واقیعێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریشە؛ لەبەر ئەوەی جەستە لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا گەشە دەکات و بەردەوام لە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەدایە، هەربۆیە جەستە و ڕواڵەت و شێوازی دەرکەوتنی مرۆڤ دەکرێ بە پێی کولتوور و کۆمەڵگاکاندا بگۆڕێت و جیاواز بێت.

لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناساندا، جەستەی مرۆڤ بە سەرمایەیەکی سێکسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هێمایی دەژمێردرێت کە بە تەکنۆلۆژیای نوێ دەکرێ بە ئاسانی کار لەسەر گەشەپێدانی و بەهێزترکردنی ئەو سەرمایەیە بکرێت لە ڕێگەی گۆڕینی شێوە و ڕواڵەتی دەموچاو و جەستە؛ وەکو ماکیاژکردنی دەموچاو، قژ، هەڵبژاردنی جۆری جلوبەرگ، نەشتەرگەریی جوانکاری، وەرزش و ڕێجیمکردن؛ بۆیە لە چاوی مرۆڤی مۆدێرنەوە، جەستە تەنیا ماددەیەکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووریشی دەگرێتەوە؛ هەر ئەوەشە کە جەستە لە "کۆمەڵناسی"دا وەک دیاردە و پرسێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت.

ئەوەی کە توێژەری هان دا ئەم بابەتەی بۆ لێتوێژینەوە هەڵبژێرێت، ئەم چەند هۆکارەی خوارەوە بوون:

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

کۆمەڵناسیی جەستە، بابەتێکی نوێیە لە زانستی کۆمەڵناسی و، توێژەر هەستی بەوەی کردووە بۆشاییەکی مەعریفی و پراکتیکیی زۆر هەیە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی کوردیدا.
توێژەر لە ماوەی خوێندن و مامۆستایەتی و وانەگوتنەوەی لە زانکۆکاندا، ڕۆژانە بە چاوی خۆی دەیبینی کە چۆن کچە قوتابییەکان ئەوەندە گرنگی بە ڕواڵەت و جوانیی ڕوخسار و جەستە و پۆشاکی خۆیان دەدەن، تەنانەت کەرەستەی ماکیاژکردن لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە زانکۆ و لە هۆڵی خوێندن یان دەرەوەی کلاسدا خۆیان پێ دەڕازێننەوە، زیاتر لەوەی کە گرنگی بە خوێندن و زانست و مەعریفە بدەن؛ ئەوهەموو هێز و وزە و کات و پارەی کە خەرجی دەکەن بۆ خۆئارایشتکردن و ڕواڵەتی خۆیان، جێگای پرسیار بوو بۆ توێژەر؛ ئاخۆ لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە چ هۆکارێکی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەبێ لە پشت ئەو ڕەفتار و چالاکییەدا بێت کە وەکو پێشبڕکێ و شانۆگەرییەك دەهاتە پێش چاو، کامیان لەوەی دیکە جوانتر دەربکەوێت یاخود ڕۆڵ بگێڕێت؟
ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی کۆمەڵناسانەیە بۆ شرۆڤەکردن و شیکردنەوەیرەهەندێکی دیاریکراو لە ڕەوشی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، بە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانەوە.

## ٢. کێشە و پرسیاری توێژینەوە

ئەمڕۆکە شێوازەکانی بەڕێوەبردنی جەستە وەکو ئارایشت و ماکیاژکردنی دەموچاو و بەکارهێنانی بۆن و کۆلۆنیا و بۆیەکردنی نینۆک و لەبەرکردنی پۆشاکی جۆراوجۆر و کۆنترۆڵکردنی کێش لەڕێگەی خۆراک و ڕێجیمکردن و وەرزش و و دەرمان و دەستکاری پزیشکی و نەشتەرگەری جوانکاری، گرنگیی چاودێری تەندروستی و پاکوخاوێنی وەک خۆشۆردنی ڕۆژانە، بۆ هەر دوو ڕەگەز گرنگن؛ دەرکەوتن بە ماکیاژ و جلوبەرگی تایبەت، بووەتە پێوەرێک بۆ جوانی و ئاستی سەرمایەی سێکسیی ژنان سەرەڕای بەربەستێکی کولتووریی وەك "دینداری" و بیروباوەڕ و پابەندیی ئایینی، کە بۆ خۆڕازاندنەوە و ماکیاژکردن و نەشتەرگەریی جوانکاری، سنوور و مەرجی تایبەت دادەنێت.
چاوخشاندنێک بە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جوانیی ڕوخسار و جەستەی مرۆڤ، هەمیشە یەکێک بووە لە بەها کۆمەڵایەتییە گرنگەکان کە کاریگەرییەکی هەمەچەشنی هەبووە لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا؛ بەشێوەیەک کە نەبوونی ڕواڵەتی جوان، بووەتە هۆی لەدەستدانی بەشێك لە سەرمایەی سێکسی و لەوێشەوە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هێمایی وەکو دەرفەتی باشتری کۆمەڵایەتی، کاروپیشە، هاوسەرگیری، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لە کۆتاییدا کەمکردنەوەی ئاستی کاریگەریی تاک لە کۆمەڵگادا؛ بابەتی سەرمایەی سێکسی لە جیهانی ئەمڕۆدا فۆرمێکی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. دەکرێ بڵێین لە هیچ قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا وەک ئەمڕۆ جەخت لەسەر گرنگیی جەستە و ڕواڵەت نەکراوەتەوە. ڕواڵەت و جوانیی جەستە لە جیهانی مۆدێرندا تەنیا لە ئەرکە جوانکارییەکەیدا سنووردار نییە؛ بەڵکو گرنگیدان بە جەستە ڕۆڵێکی سەرەکیش دەگێڕێت لە خستنەڕووی کەسایەتی دەروونی و شوناس و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی تاك (کیا دربندرسری، ٢٠١٥: ٧١).
ئامارەکان گەشەیەکی بێوێنە نیشان دەدەن لە بەکارهێنانی کەرەستەی جوانکاری چ لە ئاستی جیهانی و چ لە عێراق و کوردستاندا. بەپێی ئامارەکان، داهاتی بازاڕی کەرەستەی جوانکاری و ئارایشتکردن لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، (٥٧١,١٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە. پێشبینی دەکرێت هەتاکو ساڵی (٢٠٢٧) ، ساڵانە بازاڕەکە بە ڕێژەی (٣,٨٠%) گەشە بکات (Statista, 2023a).
بەپێی هەمان ڕاپۆرت، داهاتی بازاڕی کەرەستەی ئارایشتکردن و بەرهەمی جوانکاری لە عێراق ــ بە هەرێمی کوردستانیشەوە ــ لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، (2,81) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە. پێشبینی دەکرێت ئەم بازاڕە، هەتاکو ساڵی (٢٠٢٧)، ساڵانە بە ڕێژەی (٦,٠٢%) گەشە بکات (Statista, 2023b).
بە پێی ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی، "جەستە"ی مرۆڤ وەك سەرمایەیەکی سێکسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هێمایی لەقەڵەم دەدرێت کە تاکەکان بۆ ئەوەی لە هەموو کارلێك و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا، لە تاکەکانی دەوروبەری خۆیان پێش بکەون و لە پاش نەمێنن، پەنا دەبەنە بەر ئارایشت و ماکیاژکردن، یانیش دەستکاری و گۆڕینی ڕوخسار و جەستەی خۆیان بە نەشتەرگەریی جوانکاری، وەرزش و ڕێجیمکردن، دەرمان و خۆراك و پۆشاکی تایبەت.
"سەرمایە" خۆی بە دەرفەت و سوودێک دادەنرێت بۆ ئەو تاک یان گرووپانەی کە هەیانە و دەتوانن لە کارلێك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بەکاری ببەن؛ بۆ ژنان، یەکێک لە هۆکارەکانی زیادکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی سێکسییە کە بریتییە لە بەکارهێنانی جوانیی جەستەیی، توانستی سێکسی و هێزی وروژاندن لە کایەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.
سەرمایەی سێکسی بریتییە لە تێکەڵەیەک لە سەرنجڕاکێشیی جوانیی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و سێکسی بۆ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا، بەتایبەتی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا (Hakim, 2015: 15). سەرمایەی سێکسی دوو لایەنی هەیە: لایەنی بۆماوەیی کە لە کاتی لە دایکبووندا دیاری دەکرێن و لە قۆناغەکانی ژیاندا بە تایبەتی لە کاتی گەنجیدا دەگاتە لووتکەی گەشە و پێگەیشتن؛ لایەنی دووەم ئەو بەشەیە کە لە ڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون و گەشەی کۆمەڵایەتیدا فێر دەکرێن و بەهێز دەکرێن و هەمیشە دەبنە هۆی جیاوازی لە نێوان جیهانی کۆمەڵایەتیی ژن و پیاودا.
سەرمایەی سێکسی بۆ ژنان، نیشانەی پێگەی کۆمەڵایەتی، متمانەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی کۆمەڵایەتییە؛ بۆیە ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هان دەدرێن بۆ ئەوەی بەردەوام گرنگی بە سەرمایەی سێکسیی خۆیان بدەن و گەشەیان پێ بدەن؛ وەک بۆردیۆ دەڵێت سەرمایەی کولتووری بۆماوەیی نییە و بە میرات بۆی نامێنێت، بەڵکو بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی تاکەکەسی و بە تێپەڕبوونی کات بەدەست دێت؛ وەکو خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامە (ضیاءپور و ابراهیمی، ٢٠١٢: ١٢٩)؛ بۆیە، پشتبەستن بە سەرمایەی سێکسی بۆ ژنان، ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی کولتووری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی پێگەی چینایەتیی خۆیان.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرەڕای چاوەڕوانییەکانی ئایین و نەریتی کوردەواری، بەکارهێنانی سەرمایەی سێکسی خەمی فیکریی بەشێکە لە ژنان و کچان، بە تایبەتی کچانی قوتابی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانەوە؛ هەر بۆیەش بە خەرجکردنی پارە و کات و وزە، هەوڵ دەدەن بگەنە ئەو وێنە ئایدیاڵ و خوازراوەی کە کۆمەڵگا بە سەرمایە و سامانێکی جەستەیی-کۆمەڵایەتی دەناسێنێت و بەدوای بەرجەستەکردنی ئەو سەرمایە و سامانەن کە سەرمایەی سێکسییە.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی سەرەڕای بەربەستە کولتوورییەکان و دابونەریت و ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەشێکی زۆر لە کچانی زانکۆ کەم تا زۆر توانیویانە لە ڕێگەی خۆئارایشتکردنەوە گرنگی بە سەرمایەی سێکسیی خۆیان بدەن؟

### ٣. ئامانجی توێژینەوە

ئامانجە سەرەکییەکەی ئەم توێژینەوە، بریتییە لە:

١. زانینی جۆری پەیوەندیی نێوان "سەرمایەی سێکسی" و "دینداری" و "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستاندا.
٢. زانینی ڕێژەی کاریگەریی "دینداری" لەسەر "سەرمایەی سێکسی" و "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستان.
٣. زانینی ڕێژەی کاریگەریی "گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان" لەسەر "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستان.

### ٤. گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕووەوە گرنگە:

لە ڕووی تیۆرییەوە: جێبەجێکردنی ئەم چەشنە توێژینەوانە دەتوانێت ڕێگا خۆش بکات بۆ کردنەوەی ڕێچکەیەی نوێ لە کۆمەڵناسی و شێوازەکانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا. بێگومان لەم بوارەدا واتە لە بواری "کۆمەڵناسیی جەستە"دا کار و توێژینەوەیەکی زانستیی ئەوتۆش نەکراوە کە شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانەی هەبووبێت بۆ دیاردەی خۆئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوەی کچانی قوتابی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان؛ کەواتە ئەم توێژینەوە دەتوانێت ببێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی زانستی لەم بوارەدا.

لە ڕووی پراکتیکییەوە: سەرمایەی سێکسی بە کردەیی بابەتێکی هەستیار و گرنگترە بۆ کچان تاوەکو کوڕان. کچانی زانکۆ بۆ زیادکردنی سەرمایەی سێکسیی خۆیان، هەوڵ دەدەن تایبەتمەندییە جەستەییەکانی خۆیان بگەیێننە ئاست نموونە کولتوورییەکانی کۆمەڵگا بۆ جوانیی دەموچاو و ڕواڵەت کە زۆربەیان لە ڕاگەیاندن و میدیا جەماوەرییەکانەوە بەسەر کۆمەڵگادا سەپێندراوە و، لەو ڕەفتارەدا زێدەڕەوی دەکەن و هەم کاتێکی زۆر، هەم پارە و خەرجییەکی زۆر و، هەمیش وزە و هێزێکی زیادیش بۆ ئەم خۆگونجاندنە سەرف دەکەن، تاکو سەرنجڕاکێشتر دەربکەون و سەرمایەی سێکسیی زیاتر بەدەست بهێنن؛ چونکە بەشێك لە کچە خوێندکارەکان کە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی سەرمایەی کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئەم بۆشاییە بە سەرمایەی جەستەیی و سێکسی پڕ دەکەنەوە؛ تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ژنانی بژاردە و خاوەن بەهرە و سەرمایەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییش مەیلیان بۆ ئەم ئاراستەیە هەبێت.

جگە لەوە، شاری هەولێر کە مەیدانی ئەم توێژینەوەیە، پایتەخت و گەورەترین شاری کوردستانە کە زیاتر لە شارەکانی دیکە کەوتووەتە بەر کاریگەری و گۆڕانکارییەکانی گەشەسەندن؛ هەولێر لە ڕووی پێشینەی مێژووییەوە، خاوەنی زەمینەیەکی کولتووری، نەریتی و ئایینییە و لەتەك ئەم تایبەتمەندیانەدا، زیادبوونی ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و زیادبوونی بەشداریی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و هتد، وای کردووە کە پرژانە سەر بابەتی سەرمایەی سێکسی و خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و شرۆڤەکردنی زانستیانەی لە بارودۆخی ئێستادا گرنگییەکی بەرچاوی هەبێت.

### ٥. تیۆری "سەرمایەی سێکسی"ی کاترین حەکیم

"کاترین حەکیم"[١] کۆمەڵناسی بریتانی بە ڕەچەڵەك لوبنانییە کە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمجار چەمکی "سەرمایەی سێکسی"[٢] یاخود "سەرمایەی شەهەوانی"[٣]ی بەکارهێنا؛ ساڵی ٢٠١١، پاش ئەوەی ئەو چەمکە لە لایەن کۆمەڵناسانەوە بایەخێکی زۆری پێ درا و بەهەند وەرگیرا، ئەو چەمکەی فراوانتر دەکات و لە کتێبێکدا بە ناوی "پارەی شیرین: هێزی سەرمایەی سێکسی"[٤] وەك تیۆرێك دەخاتە ڕوو و پەرەی پێ دەدات. بە گوتەی حەکیم، سەرمایەی سێکسی بریتییە لە تێکەڵەیەک لە سەرنجڕاکێشیی جوانی، ڕوخسار، ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی و سێکسیی تاك بۆ ئەندامانی دیکەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژێت؛ بە تایبەتی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر؛ ئەم سەرمایەیە لە هەموو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دەبرێت. سەرمایەی سێکسی، بریتییە لە چەند شارەزایی و ڕاهێنانێك کە دەکرێ تاك فێر بکرێت یان لەو ڕووەوە بەهێز بکرێت، هەروەها چەند تایبەتمەندییەکی دەرەکیش دەگرێتە خۆ کە لە کاتی لە دایکبووندا تاك هەڵگری دەبێت و دوایی لەگەڵ گەشەکردنیدا، پەروەردەی دەکات". (Hakim, 2011: 31).

حەکیم لە ڕوونکردنەوە و پەرەسەندنی تیۆرەکەیدا، سوود لە دوو بۆچوون وەردەگرێت؛ یەکێکیان دیدێکی ئابوورییە کە لەسەر بنەمای "تیۆری سەرمایەی مرۆیی"ی "گەری ستەنلی بێکەر"[٥] ـ ئابووریناسی ئەمریکی ـ دامەزراوە و ئەوی دیکەیان دیدێکی کۆمەڵناسییە کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی "پییێر بۆردیۆ"[٦] لەبارەی "تیۆری بوار"[٧]ەوە دامەزراوە (Farrer, 2010: 68).

بێکەر، براوەی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٩٢دا، لە کتێبی "سەرمایەی مرۆیی"دا، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە سەرمایەی مرۆییش وەک سەرمایەی فیزیکی، ئامرازێکی بەرهەمهێنانە؛ بەڵام بە پێچەوانەی زەوی یان سامان ناگوێزرێتەوە، بەڵام قابیلی گۆڕینەوەیە (Becher, 1976: 4).

بەڵام حەکیم، بە سوودوەرگرتن لە تیۆری سەرمایەی مرۆیی بێکەر، سەرمایەی سێکسیی بە سەرمایەیەک دەزانێت کە چەندین سوود و قازانجی جۆراوجۆری هەیە لە بوارە جیاوازەکانی وەک سیاسەت، میدیای هونەری و هتد و وەکو بوارەکانی پارە و پەروەردە و پەیوەندی بەسوود و بەنرخە.

ئەم سەرمایەیە تەنها نابێتە هۆی بەرهەمی ئابووری، بەڵكو لە هەموو بوارێكدا كاریگەرە.

لە لایەكی دیكەوە، تیۆری "بوار" یاخود "كایە"ی پیێر بۆردیۆ" كە دەڵێت جۆرەكانی سەرمایە (كە بریتین لە چوار جۆری سەرمایەی كۆمەڵایەتی، سەرمایەی ئابووری، سەرمایەی كولتووری و سەرمایەی هێمایی) دەكرێ بۆ یەكتر بگۆڕدرێن، كار دەكاتە سەر بیرۆكەی كاترین حەكیم كە دەڵێت "سەرمایەی ئابووری" دەگۆڕێت بۆ "سەرمایەی سێكسی" (Farrer, 2010: 68). لە ڕاستیدا بۆردیۆ خۆیشی، كەوتووەتە ژێر كاریگەریی بۆچوونەكانی بێكەر و بە ئیلهام-وەرگرتن لە تیۆری سەرمایەی مرۆیی، توانیی تیۆری خۆی لە ڕووی خستنەڕووی جۆرەكانی سەرمایە و گۆڕینەوەیان بۆ یەكتر پەرە پێ بدات؛ بۆردیۆ هەموو جۆرەكانی سەرمایەی وەک سەروەت و سامانی تاك دەبینێ؛ سەروەت و سامانێک كە لە پێكهاتە و گۆڕانكاریدا جیاوازن؛ فۆڕمە جیاوازەكانی سەرمایە، فۆڕم و شێوەی جیاوازی هێز و دەسەڵاتن كە لە هەموو كارلێك و ئاڵوگۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبینرێن. دیارترین ئاڵوگۆڕ لە نێوان پارە (وەك سەرمایەی ئابووری) و سێ فۆڕمەكەی دیكەی سەرمایە ڕوو دەدات؛ تاك دەتوانێت بە پارە سەرمایەی كولتووری و كۆمەڵایەتییش بكڕێت و پەرەی پێ بدات؛ هەروەك دەتوانێت بە زانست و بەرهەمە كولتوورییەكانی، پارە و سەرمایەی ئابوورییش بەدەست بهێنێت (Prieto, 2005: 12-13).

حەكیمیش پێی وایە سەرمایەی سێكسی دەگۆڕدرێت بۆ سەرمایەكانی دیكە؛ خەرجكردنی پارە بۆ جوانكردنی ددانەكان، نەشتەرگەریی جوانكاری، خۆئارایشتكردن، ئەندامبوون لە هۆڵێكی وەرزشی یان بەكرێگرتنی مامۆستایەكی تایبەتی لەشجوانی، دەتوانێ یارمەتیی تاك بدات بۆ زیادكردنی سەرمایەی سێكسی و لەوێشەوە ئەم سەرمایە سێكسییە دەبێتە هۆی دەستكەوتی زیاتر لە سەرمایەی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كولتووری (Hakim, 2011: 90).

حەكیم، لە ڕوانگەی موڵك و سامانی تاكەوە لە جەستەی مرۆڤی كۆڵیوەتەوە و پێی وایە سەرمایەی سێكسی، چوارەمین جۆری سەرمایەی مرۆییە كە لەگەڵ سێ فۆڕمەكەی دیكەی سەرمایە واتە "سەرمایەی ئابووری" و "كۆمەڵایەتی" و "كولتووری"، لەبەردەستی هەموو كەسێكدایە و هەموو كەسێك دەتوانێت وێڕای پێكهاتە، ڕەچەڵەك، تەمەن، ڕەگەز و چینی كۆمەڵایەتی، بەدەستی بهێنێ و هەیبێ و پەروەردەی بكات. ئەم سەرمایەیە، سامانێكی گرنگە بۆ هەموو ئەو گروپانەی كە كەمتر دەستیان بە جۆرەكانی دیكەی سەرمایە دەگات. حەكیم پێی وایە، سەرمایەی سێكسی، لایەنێكە لە ژیانی كۆمەڵایەتیی مرۆڤ كە بێگومان بۆ ژن سوود و قازانجی زیاتری هەیە لەچاو پیاوان؛ ئەوەی ئەو سوودەی بۆ ژنان زیاتر دەكات، شەهوەت و ئارەزووی سێكسیی تێرنەكراوی پیاوانە (Hakim, 2011: 91).

حەكیم بۆ چەمكی سەرمایەی سێكسی، شەش پێكهاتە و گۆڕاوی لەبەرچاو گرتووە:

١. جوانی: یەكەمین و سەرەكیترین پێكهاتەیە؛ جوانی لە هەموو كولتوورێک و لە هەموو قۆناغێكی مێژووییدا نموونەی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە. جگە لەوەش، زەوق و سەلیقەی تاكەكەسییش لەم بابەتەدا بەشدارە.

٢. سەرنجڕاكێشانی سێكسی: سەرنجڕاكێشیی سێكسی جیاوازە لە جوانیی كلاسیک. مانای دڵڕفێنی و سەرنجڕاكێشانی سێكسی بە هێز و توانستێك دەگوترێت كە شەهوەت و ئارەزووی سێكسیی لایەنی بەرامبەر دەوروووژێنێت، بەڵام جوانی پەیوەندی بە ڕوخسار و ڕواڵەتی تاكەوە هەیە؛ بە واتایەكی دی، سەرنجڕاكێشانی سێكسی بە شێوەیەكی سەرەكی سروشتێكی كۆمەڵایەتیی هەیە و لە كارلێك و كردە كۆمەڵایەتییەكانی مرۆڤەكاندا پیشان دەدرێت؛ وەكو شێوازی قسەكردن، ڕۆیشتن، زمانی جەستە و تەنانەت شێوازی وەستان و پاڵدانەوەیش.

٣. تایبەتمەندیی كۆمەڵایەتی: سێیەمین پێكهاتە و گۆڕاوی سەرمایەی سێكسییە كە بریتییە لە شارەزایی و لێهاتوویی كۆمەڵایەتی لە مەكر و بەنازی و عشوەیی و ڕووخۆشی و زمانلووسی؛ بە واتایەكی دی، مرۆڤ تا چەند توانستی ڕاكێشانی سەرنجی ئەوانی دیكەی هەیە و لە كارلێكەكانیدا تاچەند دەتوانێت سەرنجی زیاتر بۆ ئاشنایی و لێكنزیكبوونەوە بخوڵقێنێت.

٤. شادی و كەیفخۆشی: بریتییە لە تێكەڵكردنی جوانیی ڕواڵەت، وزەی كۆمەڵایەتی و ڕووخۆشی؛ ئەم پێكهاتەیە پڕە لە وزە و هێز و چالاكی؛ بە زۆری تێڕوانینێكی ئەرێنییان هەیە بەرامبەر بە ژیان.

٥. شێوازی دەركەوتن: پێكهاتەیەكی دی شێوازی دەركەوتنە لە كۆمەڵگادا؛ شێوازی پۆشینی جلوبەرگ و بەكارهێنانی بۆن و ئێكسسوارات و مودێلی قژ و ڕازاندنەوە و ماكیاژكردنی دەموچاو دەگرێتەوە، كە دەبێتە هۆی دەرخستنی ئەوەی پلە و پێگەی كۆمەڵایەتی و شێواز و ستایلی ژیانی تاك بۆ كەسانی دیكە.

٦. سێكس: كۆتا پێكهاتە بابەتی سێكسییە كە بریتییە لە لێزانی و لێهاتوویی سێكسی، وزە، دەردانی هەستی شەهەوانی، هاروهاجی و یاریكردن و هەموو شتێكی دیكەی كە مرۆڤ دەكاتە هاوبەشێكی سێكسی-سۆزداریی سەركەوتوو؛ ئەم پێكهاتەیە لەگەڵ تەمەندا كەم دەبێتەوە و زۆر جاریش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەریش كە تاچەند ئیشتهای سێكسیی لایەنی هاوبەشەكەی دەوروووژێنێت (Hakim, 2011: 24-28).

لە دەرئەنجامی ئەو شەش پێكهاتەیەی سەرەوە، سەرمایەی سێكسی هەر پیاوێک یان ژنێک دەردەكەوێت. وەك دەبینرێت، ئەم سەرمایە هەم ئەو شارەزایی و هونەرانەی دەگرێتە خۆ كە دەكرێ فێری بكرێن یان بەهێزتر بكرێن و پەرەیان پێ بدرێت، هەم ئەو تایبەتمەندیانەیش دەگرێتەوە كە مرۆڤ لە كاتی لەدایكبووندا لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنێت.

جگە لەوەش، حەكیم پێی وایە كە ژنان بە شێوەیەكی سروشتی سەرمایەی سێكسیی زیاتریان هەیە لە پیاوان و لەوانەیە ئەم فاكتەرە، بووبێتە ستراتیژییەكی گرنگی ژنان بۆ بەهێزكردنیان؛ بۆ نموونە حەكیم باسی گرنگیی ئەم سەرمایە دەكات لە بازاڕی كار و دامەزراندندا و پێی وایە بۆ دەستكەوتنی كار و مسۆگەربوونی پیشەكەی ژن، زۆر پێویستە سوود لە سەرمایە سێكسییەكەی وەربگرێت. ئەوانەی ئەم سەرمایەیەی بەكاردەهێنن لە چاوپێكەوتنی كار و دامەزراندندا زیاتر لەوانی دیكە سەركەوتوو دەبن؛ چونكە لەم سەردەمەدا تاكەكان زۆربەیان خاوەن بڕوانامە یان ئەزموونی كاركردنی پێشووترن، بەڵام لەوە زیاتر، سەرمایەی سێكسییە

کە یارمەتیی کەسەکە دەدات بۆ سەرکەوتن لە چاوپێکەوتنەکەدا؛ لە ئەنجامدا ئەوانەی وەبەرهێنان لەم سامانەیاندا دەکەن، چانسی دۆزینەوەی کار و دامەزراندنیان زیاترە. نموونەیەکی دیکە کە حەکیم ئاماژەی پێ دەکات، گرنگیی ئەم سەرمایەیە لە ژیانی هاوسەرێتیدا و دەڵێت هەبوونی ئەم سەرمایەیە دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر ورد و هەستیار کاریگەری لەسەر پەیوەندیی نێوان هاوسەرەکان هەبێت (Hakim, 2011: 102).

لە لایەکی دیکەوە، حەکیم، ئارەزووی تێرنەخۆری سێکسیی پیاوان کە بەردەوام پێویستییان بە لایەنی سێکسیی ژنانە، بە ئیمتیاز و ستراتیژییەکی دیکەی ژنان دەزانێت؛ هەر ئەم ستراتیژییەتەیە کە وا لە ژنان دەکات کە گرنگی بەو سەرمایەیەی خۆیان بدەن و لە پەیوەندییە تایبەت و کۆمەڵایەتییەکانیاندا بەکاری بهێنن و لە بەرامبەردا سوودی خوازراو بەدەست بهێنن و بگەنە بەرژەوەندییەکانیان (Hakim, 2011: 60)؛ بۆیە بە بڕوای حەکیم دەکرێت سەرمایەی سێکسی بە ئامرازێکی "هێز و دەسەڵات" هەژمار بکرێت کە ژنان بۆ نەهێشتنی نایەکسانی جێندەری بەکاری دەهێنن. لە کۆتاییدا، کاترین حەکیم لە پەرەپێدانی تیۆرەکەیدا، هەوڵ دەدات پاساو بۆ بەکارهێنانی سەرمایەی سێکسی لە لایەن ژنانی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بهێنێتەوە و ڕێگەیەک نیشان بدات بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە ژێردەستەیی و هەژموونی ئابووری، ئاسایشی تەندروستی و گەیشتن بە کەرامەت و ڕێز و دەسەڵات (Hakim, 2015: 329-348).

## ٦. مێتۆدناسیی توێژینەوە:

### ١/٥. میتۆدی توێژینەوە و ئامرازی کۆکردنەوەی داتا

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی **"چەندایەتی"**[8]یە کە لە میتۆدی "ڕووپێوکردن"[9] کەڵک وەرگیراوە. ئەم میتۆدە پتر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ئاستێکی بەربڵاودا بەکاردەهێنرێت. ئەم کۆکردنەوەیەش ئامرازی تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەویش "پرسیارنامە"[10]یە. تایبەتمەندیی ڕووپێوکردن ئەوەیە کە دەتوانێت زۆرترین زانیاریمان بۆ کۆ بکاتەوە کە تێیدا خشتە و ماتریکسی گۆڕاو بە پێی کەیسەکان دەستنیشان کراون؛ واتە زانیارییەکان سەبارەت بە گۆڕاوەکان یا تایبەتمەندییە یەکسانەکان، لانیکەم دوو کەیس کۆ دەکرێتەوە و لە چوارچێوەی ماتریکسی داتاکان پیشان دەدرێن (دواس، ١٩٩٧: ١٤).

پرسیارنامەی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا، دوای پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی تیۆری لە لایەن توێژەرەوە، لە دوو بەشدا ئامادە کراوە؛ بەشی یەکەمی پرسیارنامەکە تایبەتە بە زانیارییە سەرەتاییەکانی وەڵامدەرەوە؛ بۆ نموونە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و خێزانی. بەشی دووەمیش بە کەڵکوەرگرتن لە "پێوانەی لیکێرت"[11] ئامادە کراوە؛ پێوانەی پێنجینەیی لیکێرت لە تاکەکان دەخوازێ بە هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکانی "زۆر لەگەڵێدام"، "لەگەڵێدام"، "بێڕام"، "دژم" و "زۆر دژم"، وەڵامی پرسیار یان بڕگەکان بداتەوە (Likert, 1932: 5-55). کە جگە لەوە، لە پێنجینەیی "بەردەوام"، "زۆرجار"، "جاربەجار"، "کەمجار" و "هیچکات"یش کەڵک وەرگیراوە.

### ٢/٥. کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە و یەکەی شیکاری

کۆمەڵگەی ئاماریی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە کچانی قوتابی لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر، کە بە گوێرەی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا، ژمارەیان دەگاتە 40,354 کچ. 31,246 قوتابیی کچ لە زانکۆ حکومییەکان و 9,108یشیان لە زانکۆ ناحکومییەکان (وەزارەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٢٢).

یەکەی شیکاری، یەکەیەکە کە زانیارییەکان لێی کۆ دەکرێنەوە و تایبەتمەندییەکانی ڕوون دەبنەوە (یوردوسف، ١٩٩٣: ٧٧). لەم توێژینەوەدا، یەکەی تێڕوانین و شیکاری، کچە قوتابییەکانی شاری هەولێری پایتەختە.

شێوازی نموونەگرتنی ئەم توێژینەوەیە، "نموونەگرتنی هەڕەمەکیی چینبەندی"[12]یە؛ ئەم شێوازە کاتێك بەکار دەبردرێت کە کۆمەڵگای توێژینەوە، پێکهاتەیەکی یەکچوو و هاوچەشن نەبێت؛ بۆ نموونە قوتابییەکان لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزەوە جیاوازن، ئینجا جگە لە قوتابیانیش، مامۆستا و فەرمانبەری ئیدارییش هەن؛ بۆیە لەم حاڵەتەدا، کۆمەڵگای توێژینەوە بە چەندین "توێژ"ی جودا لە یەکتر دابەش دەکرێت و ئەوانەی کە وەکویەکن و یەکپارچە و هاوچەشنن، دەخرێنە ناو توێژێکەوە بۆ ئەوەی لەوانی دیکە جیا بکرێنەوە؛ ئینجا لەو توێژەدا بە شێوەی هەڕەمەکی بە ڕەچاوکردنی قەبارە و ژمارەی کۆمەڵگاکە، نموونەیەك هەڵدەبژێردرێت؛ ئەو نموونەیە دەبێ، نوێنەرایەتیی گشت کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات (Carrie et al., 2020: 211).

لەو توێژینەوەیەدا، تەنها قوتابیانی کچ وەکو توێژی نموونەکە لەوانەی دیکە جیا دەکرێنەوە؛ بە پێی ئاماری ڕەسمیی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٢٢)، ژمارەی گشت قوتابیانی هەرێمی کوردستان بە کچ و کوڕەوە 197,416 کەسە، کە 152,183 قوتابی لە زانکۆی حکومی و 45,233 قوتابییش لە زانکۆی تایبەتدا خەریکی خوێندنن؛ بەپێی هەمان ئامار، ژمارەی قوتابیانی کچ 113,214 کەسن کە لەوان 88,336 کچ لە زانکۆی حکومی و 24,878یش لە زانکۆی ئەهلی دەخوێنن. ئەو کچە قوتابیانەی کە لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێرن، ژمارەیان دەگاتە 40,354 کەس (31,246 قوتابیی کچ لە زانکۆ حکومییەکان کە دەکاتە 77.5% و 9,108یشیان لە زانکۆ ناحکومییەکان کە دەکاتە 22.5%) (وەزارەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٢٢). قەبارەی نموونە بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای نموونەوەرگرتنی "کۆکران" (Cochran's formula) و بە ئاستی هەڵەی (٥%)، 380 کەس بەراورد دەکرێت کە بۆ دڵنیایی زیاتر ئەم ژمارەیە بۆ ٤٠٢ قوتابیی کچ بەرز دەکەینەوە کە ٢٩٠ قوتابیی کچ لە زانکۆ حکومییەکان (سەلاحەددین و پۆلیتەکنیك و پزیشکی) و ١١٢ کەسیشیان لە زانکۆ ئەهلییەکان (جیهان و لوبنانی-فەرەنسی) بە نموونە وەرگیراون.

### ٣/٥. ڕاستییەتی و جێگیریی پرسیارنامە

توێژەر، بۆ دەرخستنی "ڕەوایەتی و ڕاستییەتی"[١٣]ی پرسیارنامەکە، سەرەتا "ڕەوایەتیی ڕواڵەتی"[١٤] و "ڕەوایەتیی ناوەرۆك"[١٥]ی لە ڕێگەی تەبایی و هاوڕابوونی پسپۆڕان و شارەزایان سەبارەت بە گونجاوێتیی پرسیار یان برگەکان دوویات دەکاتەوە؛ بە واتایەکی دی، نیشان دەدات کە فۆڕم و ڕواڵەتی برگەکان یان پرسیارەکان تا چ ڕادەیەك بە بابەتی توێژینەوەکە دەچن و لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە دەگونجێت. هەرچی ڕەوایەتیی ناوەڕۆکە، گرنگی دەداتە مانای پرسیار یان برگەکان کە تا چەند لەگەڵ ڕەهەندەکانی چەمك یان گۆڕاوەکان دەگونجێت (Taylor, 2013: 89)؛ پرسیارنامەکە خراوە بەر دەستی ٧ پسپۆڕ و ڕاوێژکار (٤ مامۆستای پیاو و ٣ مامۆستای ژن) بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و دووپاتکردنی.

بۆ دەرخستنی "ڕەوایەتیی پێکهاتەیی و بنیادی"[١٦]یش، لە ئەزموونی "شیکاریی فاکتەریی گەڕان"[١٧] بە ڕەچاوکردنی هاوکۆلکەی KMO[١٨]و "خڕێتیی بارتلێت"[١٩] لە پرۆگرامی SPSS کەڵك وەرگیراوە، کە یەکێکە لە بەهێزترین ڕێگەی دۆزینەوەی ڕێژەی ڕەوایەتیی پێکهاتەیی پێوانەکان (Mulaik, 2010: 23).

سەبارەت بە "جێگیری"[٢٠]یش، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەگەر پرسیارنامەکە لە چەند کاتی جیاوازدا لە نێوان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەکار ببەین، هەمان ئەنجام یان ئەنجامی زۆر نزیك لە یەکتر مسۆگەر بکات. زۆر گرنگە کە بزانین ئامرازی پێواندن لە هەلومەرجی یەکساندا، تا چ ڕادەیەك دەرئەنجامی یەکسانیش دەداتە دەست. بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی جێگیری، چەند ئەزموونی ورد بەکار دەهێنرێن کە بەناوبانگترینیان "ئالفای کرۆنباخ"[٢١]ە (بازرگان، ٢٠٠٦: ٣٣). توێژەر ئەم ئەزموونەی بۆ سەلماندنی جێگیریی پرسیارنامەکەی لە ڕێگەی پرۆگرامی SPSS بەکار دەهێنێ و ئەم تایبەتمەندییەش دەستەبەر دەکات.

پرسیارنامەی ئەم توێژنەوەیە لە دوو بەش پێك دێت؛ بەشی یەکەم 13 پرسیار دەگرێتەخۆ، کە تایبەتن بە زانیاریی تایبەت بە تاکی وەڵامدەرەوە. بەشی دووەمیش 52 برگە لە جۆری پێنجینەیی لیکرت دەگرێتەخۆ، کە برگەکانی ١٤-٣٤ تایبەتن بە گۆڕاوی "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ"؛ برگەی ٣٥-٤٥ بۆ گۆڕاوی "سەرمایەی سێکسی" و برگەی ٤٦-٦٥ تایبەتە بۆ پێواندنی گۆڕاوی "دینداری".

خشتەی (١) ڕێژەی ئاڵفای کرۆنباخ و KMOی گۆڕاوەکان لەگەڵ ئاستی "بەڵگەمەندی یاخود مانادارێتی"[٢٢]مان بۆ پێشکەش دەکات، کە هەرهەموویان لەبەر ئەوەی ئاستی دڵنیایی ٩٩% (Sig.= .000) و ڕێژەی زیاتر لە ٦٠%یان بەدەست هێناوە، بە گۆڕاوی باوەڕپێکراو و ڕاست لە قەڵەم دەدرێن و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بیانخەینە ناو ئەزموونە شیکارییەکانەوە.

خشتەی ١: ڕێژەی ڕاستییەتی و جێگیریی

| ژ | ناوی گۆڕاوەکان | برگەکان | ژمارەی برگەکان | بەهای ئالفای کرۆنباخ | بەهای KMO | بەهای خڕێتیی بارتلێت Bartlett's sphericity |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | 4 | 17-14 | 0.701 | 0.718 | .000 |
| 2 | سەرمایەی سێکسی | 11 | 18-28 | 0.828 | 0.816 | .000 |
| 3 | دینداری | 20 | 29-48 | 0.822 | 0.793 | .000 |

ڕاستییەتیی هەیە = > .٦٠٠
جێگیریی هەیە = > .٦٠٠

### ٤/٥. شێوازی شیکردنەوەی زانیارییەکان

شێوازی شیکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، توێژەر بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆگرامی SPSS[٢٣]، پاش کۆدینگ و هاوردەکردنی داتاکانی هەر یەك لە فۆرمی پرسیارنامەکان بۆ ناو پرۆگرامەکە و ئینجا "کامپیۆتکردن"[٢٤] و دروستکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە پێویستن، بە هەر دوو شێوازی "ئاماری وەسفی"[٢٥] (وەك ئاماری دیمۆگرافیی نموونەکە، وەسفکردنی گۆڕاوەکان)، هەروەها "ئاماری شیکاریانە"[٢٦] (ئەزموونی هاوپەیوەندیی پیرسۆن[٢٧] و ڕێگرێشنی هێڵیی[٢٨] و شیکردنەوەی ڕێڕەو[٢٩]) بۆ سەلماندن/ڕەتکرنەوەی گریمانەکانی بەکار هێناوە. شیکردنەوەی ڕێڕەو بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆگرامی SmartPls ئەنجام دراوە.

### ٥/٥. گۆڕاوەکانی توێژینەوە:

#### ١,٥,٥. ئارایشتکردن (Makeup)

"ئارایشت"، کۆمەڵە کردارێکە کچ و ئافرەت دەیکەن بۆ ڕازاندنەوە و جوانترکردنی ڕۆخسار لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی ئارایشت و مکیاج، یاخود ڕووەمەتهەڵگرتن (هەڵگرتن و هەڵکەندن و تاشینی کوڵك و گەندەمووی دەست و دەموچاو)، یان داهێنان و هەڵپێچان و پەڵکەکردنی قژ و سەروپرچ، هەروەها ڕازاندنەوەی نینۆك (انوری، ٢٠٠٢: ٧٧).

پێناسەی کردارەکیی ئەم توێژینەوە بۆ چەمکی ئارایشتکردنی کچان، بریتییە لە: هەڵگرتنی برۆ، کردنی مووی دەموچاو، سووراوسپیاوکردن، بۆیەکردنی قژ و نینۆك،

ڕەشتنی چاو و برژانگ، بەكارهێنانی كرێم، بەكارهێنانی قژ و برژانگ و نینۆكی دەستكرد، دانانی لێنزی چاو.

### ٢،٥،٥. سەرمایەی سێكسی (Sexual Capital)

خاتوو "كاترین حەكیم" ــ كۆمەڵناسی بریتانی ــ یەكەم كەس كە ئەو چەمكەی داهێناوە، بەم شێوەیە پێناسەی سەرمایەی سێكسی یان سەرمایەی شەهەوانی دەكات و دەڵێت: "بریتییە لەو هێزە كۆمەڵایەتییەی كە كەسێک یان گروپێک لە ئەنجامی سەرنجڕاكێشیی لایەنی سێكسیی خۆیان و وروژاندنی هەستی شەهەوانیی لایەنی بەرامبەر بەدەستی دەهێنن" (Hakim, 2010: 451)؛ بە واتایەكی دی، سەرمایەی سێكسی پرۆسەیەكی بەهابەخشینە كە لە ڕێگەی هەستی سێكسەوە لای پیاو یان ژندا دروست دەبێت و دەتوانرێت لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەكاربهێنرێت (Green, 2008: 26).

پێناسەی كردارەكیی ئەم توێژینەوەیە بۆ چەمكی سەرمایەی سێكسی یاخود شەهەوانی بریتییە لەوەی ئارایشتكردن و وروژاندنی سێكسی (وەكو سووراوسپیاوكردن، جلوبەرگی تەسك و سەرنجڕاكێش، دەرخستنی ئەندامە وروژێنەرە سێكسییەكان) دەبێتە هۆی سەركەوتنی زیاتر لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا؛ وەكو دۆزینەوەی ئاسانتری كار و پیشە، نمرەی بەرز لە تاقیكردنەوە و سەركەوتنی ئاسانتر لە دەرس و خوێندندا، دۆزینەوەی ئاسانتری هاوسەر بەراورد بەو كچانەی كە لە ڕووی سێكسییەوە هەستی لایەنی بەرامبەر ناوروژێنن.

### ٣،٥،٥. دینداری (Religiosity)

دینداری واتە ئیمان بە كۆمەڵێك بیروباوەڕی ئایینی و پیرۆز و پابەندبوونی كردەیی بەو بیروباوەڕ و یاسایانەی كە سەرچاوەیان ئایینە؛ بێگومان بۆ ئەوەی كەسێك بە دیندار لە قەڵەم بدرێت، دەبێ دان بەو دینداریەدا بنێت و بە زمان و ڕەفتار و ڕواڵەتی خۆی، باوەڕمەندی و پابەندییەكەی ئاشكرا بكات (Holdcroft, 2006: 89).

لە پێناسە ئیجرائیەكەی ئەم چەمكەدا، دوو ڕەهەندی "ئیمان و بیروباوەڕ" و "پابەندی و لایەنی كردەیی"ـمان ڕەچاو كردووە؛ لە ڕەهەندی هزری و باوەڕدا بە نیشانەكانی ئیمان بە خوا و دوارۆژ و قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر ــ د.خ ــ و حەلال و حەرامەكانی، لە ڕەهەندی كردەیی و پابەندیشدا بە نیشانەكانی نوێژكردن و ڕۆژووگرتن و قورئانخوێندن و پۆشتەیی و دووركەوتنەوە لە حەرام و كردەوەی خراپ، ڕێژەی دینداریمان پێواندووە.

### ٦،٥. گریمانەكانی توێژینەوە

١. لە نێوان گۆڕاوی "خۆئارایشتكردنی كچانی زانكۆ" و "سەرمایەی سێكسی"دا هاوپەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ هەیە.

٢. لە نێوان گۆڕاوی "خۆئارایشتكردنی كچانی زانكۆ" و "دینداری"دا هاوپەیوەندییەكی پێچەوانە هەیە.

٣. لە نێوان گۆڕاوی "دینداری" و "سەرمایەی سێكسی"دا هاوپەیوەندییەكی پێچەوانە هەیە.

٤. "دینداری" كاریگەریی هەیە لەسەر دابەزاندنی ڕێژەی "سەرمایەی سێكسی" و "خۆئارایشتكردنی كچانی زانكۆ".

٥. گۆڕاوە دیموگرافییەكان كاریگەرییان هەیە لەسەر "خۆئارایشتكردنی كچانی زانكۆ".

## ٦. خستنەڕووی ئەنجام و شیكردنەوەی زانیارییەكان:

### ١،٦. ئاماری دیموگرافیك و برگە گشتییەكان

لەم بەشەدا،گۆڕاوە دیموگرافییەكانی نموونەی توێژینەوەكەمان وەسف دەكەین. ڕێژەی تێكڕای دووبارەبوونەوەكان (فریكۆنسی) و ڕێژەی سەدیی هەریەك لە گۆڕاوەكان، لەگەڵ ڕێژەی ناوەندی و گەورەترین و كەمترین ژمارەی گۆڕاوە پێوانەیی و ژمارەییەكان دەخەینە ڕوو:

- لە ڕووی ڕەگەزەوە هەرهەموویان كچن؛
- لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەرهەموویان دانیشتووی هەولێرن؛
- لە ڕووی ئاستی خوێندەواریشەوە هەرهەموویان قوتابیی زانكۆن و خەریكی خوێندنن لە قۆناغی بەكالۆریۆسدا؛ قوتابیانی زانكۆی حكومی (72.1%) و زانكۆی ناحكومیش (27.8%)ـن؛
- لە ڕووی تەمەنیشەوە هەرهەموویان گەنجن؛ بچووكترینیان (١٨) ساڵان و گەورەترینیشیان (٢٦) ساڵان بووە؛ ناوەندی تەمەنیان دەكاتە (٢١,٨٦) ساڵ؛
- لە ڕووی باری كۆمەڵایەتییەوە، (%٦٧,٩) سەڵتن و (%٢٨,٤) هاوسەردارن و (%٣,٧)ـیشان دەزگیراندارن و، تەڵاقدراو و جیابووەشمان نییە؛
- لە ڕووی باری ئابووریشەوە، بەم شێوەیە بووە: دۆخی ئابووریی زۆرباش (%٠,٧)، باش (%١٦,٤)، مامناوەند (%٦٤,٩)، خراپ (%١١,٩) و زۆر خراپ (%٦)ـیان هەیە؛ لە ڕووی جۆری خانوویەوە، (%٣٤,٣) كرێچین، (%٥٣)ـیان مڵكی خۆیانە و (%١٢,٧)ـشیان بە جۆرێكی دیكە نیشتەجێن؛ هەروەها (%١,٥)ی كچەكان سەیارەی خۆیان هەیە و بە سەیارەی خۆیان هاتوچۆی زانكۆ دەكەن، (%٢٠,١)ـیشیان لەگەڵ یەكێك لە ئەندامانی خێزان و (%٦٢,٧)ـیش بە تەكسی یان پاس و (%١٥,٧)ـیش بە پێیان دێنە زانكۆ و دەگەڕێنە ماڵەوە.
- لە ڕووی جۆری خێزانەوە، كچەكانی زانكۆ بەم شێوەیە خێزانی خۆیان وەسف دەكەن: (%١٤,٢) گوتویانە خێزانمان نەریتی و عەشایرین، (%١,٥)ـیش دەڵێن خێزانمان دینداری داخراوەن، (%٤٤)ـیش دەڵێن خێزانمان دینداری كراوەن، (%٣٣,٦)ـیشیان گوتویانە خێزانمان نەریتی و دیندارن و (%٦,٧)ـیشیان دەڵێن خێزانمان كراوە و مودێرنن؛ (%٥٥,٢)ی كچەكان گوتویانە كە لە ڕووی ئارایشتكردنەوە بە تەواوەتی لە ناو خێزانمدا ئازاد و سەربەستم، (%٣١,٣)ـیش گوتویانە تا ڕادەیەك ئازادن، (%٩,٧)ـیش دەڵێن ئازادییەكی كەمیان هەیە و (%٣,٧)ـیش دەڵێن هیچ ئازاد نین.
- وەڵامی كچەكان بۆ پرسیاری بڕی ئەو پارەیەی كە مانگانە بۆ ساڵۆن و ئارایشتكردن و كەرەستەی مكیاج خەرج دەكەن، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە: (%٨٨,١) لە ٢٥هەزار دینار كەمتر، (%٧,٥) لە ٢٥هەزار هەتا ٥٠هەزار دینار، (%٤,٥)ـیشیان لە ٥٠هەزار هەتا ١٠٠هەزار دینار سەرف دەكەن. كەسیان لە ١٠٠هەزار دینار بۆ سەرەوە بۆ ئەم مەبەستە زیاتر سەرف ناكات.

- تاکەکانی نموونە، وەك لە خشتەی (١-٤)دا هاتووە، ڕۆژانە ئەوەندەی کاتی خۆیان بۆ هەر یەك لە چالاکییەکانی "خوێندنەوە"، "سۆشیاڵمیدیا و سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن"، "وەرزشکردن" و "ئارایشتکردن" تەرخان دەکەن:

خشتەی ٢: ڕێژەی سەدیی بڕگەکەکانی تایبەت بە ماوەی تەرخانکردنی ڕۆژانە بە چالاکیی خوێندنەوە، سۆشیاڵمیدا،

| جۆری چالاکی | لە چارەکێك کەمتر% | چارەکێك هەتا نیو سەعات % | نیوسەعات هەتا سەعاتێك % | سەعاتێك هەتا دوو سەعات % | لە دوو سەعات زیاتر % |
|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە و دەرسکردن | ١١,٢ | ٢٠,٩ | ٢١,١ | ٢٤,٦ | ٢٠,١ |
| سۆشیاڵمیدیا و تەلەڤیزیۆن | ٤,٥ | ٩ | ١٨,٧ | ٢٦,١ | ٤١,٨ |
| وەرزشکردن | ٥٤,٥ | ٢٠,٩ | ١٦,٤ | ٦ | ٢,٢ |
| ئارایشتکردن | ٦٧,٩ | ١٨,٧ | ١١,٩ | ١,٥ | ٠ |

## ٢,٦. ئاماری وەسفیی گۆڕاو و بڕگە تایبەتەکان (خستنەڕووی وەڵامی تاکەکانی نموونە بۆ بڕگەکان):

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین وەڵامی هەموو بڕگەکانی پرسیارنامەکەمان لە لایەن تاکەکانی نموونەکەوە، هەروەها ئاماری وەسفیی ئەو گۆڕاوانەی کە لە کامپیۆتکردنی بڕگەکانەوە دروستکراون، بە جیا بخەینە ڕوو.
مەبەست لە "ئاماری وەسفی" کۆمەڵە شێوازێکن بۆ ڕێکخستن و کورتکردنەوە و پوختکردنی داتا و زانیارییەکان؛ وەکو دروستکردنی خشتە، نیشاندانی وێنە و دایاگرام، خستنەڕووی ژمارەی دووبارەبوونەوەکان، ڕێژەی سەدی، ڕێژەی ناوەندی، ڤاریانس، قۆپاوی، لاروگێری و لادانی ستاندەر. ڕۆڵی ئاماری وەسفی لە پرۆسەی ئاماریدا، زۆر گرنگە؛ چونکە بە هۆی ئەم ئامارەوە دەتوانین هەموو تایبەتمەندییەکانی نموونەی وەرگیراو لە کۆمەڵگای توێژینەوە بە کورتی و پوختکراوی بەدەست بهێنین و بزانین ئەو نموونەیەی کە هەڵمانبژاردووە، تا چ ڕادەیەك نوێنەرایەتیی گشت کۆمەڵگا دەکات (دواس، ١٩٩٧: ١٣٧-١٣٨).
سەرەتا ئاماری وەسفی (فریکۆنسی و ڕێژەی سەدەی و ناوەندی)ـی بڕگەکان بە پێی ژمارەی ریزبەندییان دەخەینە ڕوو. پێویستە لێرەدا ئاماژە بە چۆنیەتی کۆدینگ و نمرەپێدانی وەڵامەکانی تاکەکان بەپێی پێوانە پێنجینەکەی لیکرت بکەین؛ بەم شێوەیەی خوارەوە:
بۆ بڕگە ئەرێنییەکان هەڵبژاردەی "بە تەواوەتی لەگەڵێدام / بەردەوام" نمرەی ٥، بۆ "هاوڕاوم / زۆرجار" نمرەی ٤، بۆ "نە هاوڕام نە دژم / جاربەجار" نمرەی ٣، بۆ "دژم / کەمجار" نمرەی ٢ و بۆ "بە تەواوەتی دژم / هیچکات" نمرەی ١؛ بۆ بڕگە نەرێنییەکانیش، بەپێچەوانەی بڕگە ئەرێنییەکان نمرەمان پێداون. کۆی گشتیی نمرەکان دەکاتە ١٥ و بەهای ناوەندیش دەبێتە ٣؛ بەم پێیە هەر بڕگەیەك ڕێژەی ناوەندیی لە ٣ زیاتر بێت، نیشانەی بەرزیی بەهای ئەو گۆڕاوەیە؛ بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە ٣ خوارتر بێت، نیشانەی نزمیی بەهای ئەو گۆڕاوەیە:

| زۆر هاوڕام<br>بەردەوام | هاوڕام<br>زۆرجار | بێڕام<br>جاربەجار | دژم<br>کەمجار | زۆر دژم<br>هیچکات |
|---|---|---|---|---|
| 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

ڕێژەی ناوەندی = **3** (1 + 2 + 3 + 4 + 5=15/5=3)

### ١,٢,٦. بڕگەکانی گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

خشتەی (٣)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە بڕگەکانی گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ کە پێکهاتووە لە ٢١ بڕگە، دەخاتە ڕوو، کە بڕگەی ژمارە ٢٥ واتە بەکارهێنانی موعەتەر (بە ڕێژەی ناوەندیی ٣,٩٥) زۆرترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، بڕگەی ژمارە ٢٢ واتە بەکارهێنانی ستەیشن و قژی دەستکرد (بە ڕێژەی ناوەندیی ١,٢٥) کەمترین بەهای هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی خۆئارایشتکردن ٢,٤٥ دەرچووە، کە کەمێك لە ڕێژەی مامناوەند نزمترە.

خشتەی ٣: تێکرای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی برگەکانی گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

| ژمارە | برگەکانی تایبەت بە گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | بەردەوام | | زۆر جار | | جار بە جار | | کەم جار | | هیچ کات | | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | N | % | N | % | N | % | N | % | N | % | | |
| 14. | کردنی برۆ و مووی دەموچاو | 87 | 21.6 | 45 | 11.2 | 111 | 27.6 | 57 | 14.2 | 102 | 25.4 | 2.90 | ڕێژەی ناوەندیی گۆڕاوی خۆئارایشتکردن = 2.45 |
| 15. | ڕەنگکردنی قژ | 6 | 1.5 | 33 | 8.2 | 81 | 20.1 | 96 | 23.9 | 186 | 46.3 | 1.95 | |
| 16. | شانەکردن و ئوتیکردنی پرچ | 57 | 14.2 | 84 | 20.9 | 102 | 25.4 | 120 | 29.9 | 39 | 9.7 | 3 | |
| 17. | سووراوسپیاوکردنی ڕوخسار | 45 | 11.2 | 51 | 12.7 | 150 | 37.3 | 132 | 32.8 | 24 | 6 | 2.90 | |
| 18. | ڕەشتنی چاو و برژانگ بە ریمێل و ماسکارا و ئایشەدۆ | 42 | 10.4 | 54 | 13.4 | 135 | 33.6 | 123 | 30.6 | 48 | 11.9 | 2.80 | |
| 19. | لێو سوورکردن | 30 | 7.5 | 42 | 10.4 | 123 | 30.6 | 156 | 38.8 | 51 | 12.7 | 2.61 | |
| 20. | بەکارهێنانی قەڵەم و جەلی برۆ | 39 | 9.7 | 39 | 9.7 | 111 | 27.6 | 117 | 29.1 | 96 | 23.9 | 2.52 | |
| 21. | بەکارهێنانی برژانگی دەستکرد | 0 | 0 | 27 | 6.7 | 63 | 15.7 | 99 | 24.6 | 213 | 53 | 1.76 | |
| 22. | بەکارهێنانی ستەیشن و قژی دەستکرد | 3 | 0.7 | 3 | 0.7 | 24 | 6 | 33 | 8.2 | 339 | 84.3 | 1.25 | |
| 23. | دانانی عەدەسە (لێنز)ی ڕەنگی بۆ چاو | 3 | 0.7 | 12 | 3 | 21 | 5.2 | 45 | 11.2 | 321 | 79.9 | 1.34 | |
| 24. | لەخۆدانی بۆن و ئۆدکۆلۆن | 186 | 46.3 | 69 | 17.2 | 60 | 14.9 | 51 | 12.7 | 36 | 9 | 3.79 | |
| 25. | بەکارهێنانی کرێم و بۆنی دژە ئارەقی بنهەنگڵ (موعەتەر) | 210 | 52.2 | 69 | 17.2 | 45 | 11.2 | 48 | 11.9 | 30 | 7.5 | 3.95 | |
| 26. | بۆیەکردنی نینۆك | 21 | 5.2 | 39 | 9.7 | 105 | 26.1 | 132 | 32.8 | 105 | 26.1 | 2.35 | |
| 27. | دانانی نینۆکی دەستکرد | 3 | 0.7 | 12 | 3 | 60 | 14.9 | 96 | 23.9 | 231 | 57.5 | 1.66 | |
| 28. | بەکارهێنانی زێڕ و زیو و ئێکسسوارات | 18 | 4.5 | 66 | 16.4 | 129 | 32.1 | 144 | 35.8 | 45 | 11.2 | 2.67 | |
| 29. | لەبەرکردنی جلی تەسک و تەنک وەکو کابۆ | 9 | 2.2 | 27 | 6.7 | 48 | 11.9 | 78 | 19.4 | 240 | 59.7 | 1.72 | |
| 30. | لەبەرکردنی جلی کورت و نیوقۆڵ | 9 | 2.2 | 15 | 3.7 | 36 | 9 | 66 | 16.4 | 276 | 68.7 | 1.54 | |
| 31. | لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز | 6 | 1.5 | 54 | 13.4 | 84 | 20.9 | 156 | 38.8 | 102 | 25.4 | 2.27 | |
| 32. | سەرکۆتی و بەردانەوەی پرچ | 48 | 11.9 | 45 | 11.2 | 57 | 14.2 | 48 | 11.9 | 204 | 50.7 | 2.22 | |
| 33. | بەکارهێنانی لەچک و ڕەفتەی ڕەنگاوڕەنگ | 144 | 35.8 | 81 | 20.1 | 96 | 23.9 | 51 | 12.7 | 30 | 7.5 | 3.64 | |
| 34. | لەبەرکردنی ستیانی جۆراوجۆر | 54 | 13.4 | 72 | 17.9 | 72 | 17.9 | 117 | 29.1 | 87 | 21.6 | 2.72 | |

**٦،٢،٢. برگەکانی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی**

خشتەی (٤)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە برگەکانی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی کە پێکهاتووە لە ١١ برگە، دەخاتە ڕوو؛ برگەی ژمارە ٤٠ واتە سەرنجڕاکێشی کچی قژزەرد و چاوشین (بە ڕێژەی ناوەندیی ٣،٦٣) بەرزترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، برگەی ژمارە ٣٥ واتە سەرکەوتووبوونی کچی وروژێنەر لە ڕووی سێکسییەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا (بە ڕێژەی ناوەندیی ٢،٦٨) کەمترین بەهای هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ٣،٢٢ دەرچووە،کە کەمێك لەڕێژەی،مامناوەند،بەرزترە.

خشتەی ٤: تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی برگەکانی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی پیشان

| ژمارە | برگەکانی تایبەت بە گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | دوودڵم | | دژم | | زۆر دژم | | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | N | % | N | % | N | % | N | % | N | % | | |
| .35 | ئافرەتی ڕازاوە و سەرنجڕاکێش و وروژێنەر لە رووی سێکسییەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتووترن | 30 | 7.5 | 78 | 19.4 | 120 | 29.9 | 81 | 20.1 | 93 | 23.1 | 2.68 | ڕێژەی ناوەندی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی = 3.22 |
| .36 | ئەو ئافرەتەی کە ئارایشت دەکا، ئاسانتر لە ژنی دیکە کاری بۆ پەیدا دەبێ | 75 | 18.7 | 183 | 45.5 | 66 | 16.4 | 42 | 10.4 | 36 | 9 | 3.54 | |
| .37 | ئەو کچە قوتابیانەی بەردەوام خۆیان جوان دەکەن و ئارایشت دەکەن، ئاسانتر ناجیح دەکرێن | 63 | 15.7 | 84 | 20.9 | 126 | 31.3 | 63 | 15.7 | 66 | 16.4 | 3.04 | |
| .38 | گرنگترین هۆکاری هەڵبژاردنی هاوسەر بە لای پیاوانەوە، جوانیی ڕواڵەتی ژنان و لایەنی سێکسییە | 75 | 18.7 | 126 | 31.3 | 129 | 32.1 | 36 | 9 | 36 | 9 | 3.42 | |
| .39 | ئارایشت دەکەم بۆ ئەوەی کەموکووڕییەکی دەموچاوم بشارمەوە | 72 | 10.4 | 150 | 37.3 | 105 | 26.1 | 63 | 15.7 | 42 | 10.4 | 3.22 | |
| .40 | لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کچی قژزەرد و چاوشین، سەرنجڕاکێشترە | 111 | 27.6 | 135 | 33.6 | 78 | 19.4 | 54 | 13.4 | 24 | 6 | 3.63 | |
| .41 | لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کچی باڵابەرز و باریك، سەرنجڕاکێشترە | 96 | 23.9 | 144 | 35.8 | 99 | 24.6 | 39 | 9.7 | 24 | 6 | 3.62 | |
| .42 | ئەوەی لێوی فیلەر کردبێ، ددانی هۆلیۆدسمایڵ کردبێ، سەرنجڕاکێشترە | 48 | 11.9 | 99 | 24.6 | 120 | 29.9 | 72 | 17.9 | 63 | 15.7 | 2.99 | |
| .43 | ئەو کچەی، پۆشاکی تەسک و تەنک لەبەر دەکات، سەرنجڕاکێشترە | 45 | 11.2 | 105 | 26.1 | 72 | 17.9 | 87 | 21.6 | 93 | 23.1 | 2.81 | |
| .44 | بەکارهێنانی بۆن و ئۆدکۆلۆن و زێڕ و زیو، دەبێتە هۆی وروژاندنی دەوروبەریان | 48 | 11.9 | 144 | 35.8 | 114 | 28.4 | 60 | 14.9 | 36 | 9 | 3.27 | |
| .45 | لە کۆمەڵگای ئێمەدا، خوێندەواری، ڕۆشنبیری، بڕوانامە، کار و دەوڵەمەندی، هیچ گەرەنتییەك نییە ببێتە هۆی بەختەوەری و سەرکەوتنی ژن؛ بۆ ئەوەی بەختەوەر بێت، دەبێ جوان و سەرنجڕاکێشیش بێت. | 63 | 15.7 | 111 | 27.6 | 126 | 31.3 | 57 | 14.2 | 45 | 11.2 | 3.22 | |

### ٣,٢,٦. برگەکانی گۆڕاوی دینداری

خشتەی (٥)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە برگەکانی گۆڕاوی دینداری و پابەندیی ئایینی دەخاتە ڕوو کە پێکهاتووە لە ٢٠ برگە؛ برگەکانی ژمارە ٤٧ و ٤٨ و ٥٨ واتە ئیمان بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و بەڕووژووبوون لە ڕەمەزاناندا بە هاوبەشی (بە ڕێژەی ناوەندیی ٤,٨٧) بەرزترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، برگەی ژمارە ٦٤ واتە "ڕاستە کە شەرع دەرکەوتنی ژن بە ئارایشتەوە پێی حەرامە، بەڵام من ناتوانم ئەو فەرمانەی جێبەجێ بکەم" (بە ڕێژەی ناوەندیی ٣,٣٦) کەمترین بەهای هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ٤,٣٩ دەرچووە، کە نیشانەی بەهێزبوونی ئاستی دینداری و پابەندیی ئایینیی کچانی زانکۆیە لە هەرێمی کوردستان.

خشتەی ٥: تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی بڕگەکانی گۆڕاوی دینداری و پابەندیی ئایینی پیشان دەدات

| ژمارە | بڕگەکانی تایبەت بە گۆڕاوی دینداری و پابەندیی ئایینی | زۆر هاوڕام N | زۆر هاوڕام % | هاوڕام N | هاوڕام % | دوودڵم N | دوودڵم % | دژم N | دژم % | زۆر دژم N | زۆر دژم % | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .46 | ئیمانم بە خوا و دواڕۆژ هەیە | 354 | 88.1 | 24 | 6 | 18 | 4.5 | 6 | 1.5 | 0 | 0 | 4.81 | ڕێژەی ناوەندیی گۆڕاوی دینداری و پابەندیی ئایینی = 4.39 |
| .47 | ئیمانم بە قورئان هەیە | 372 | 92.5 | 9 | 2.2 | 18 | 4.5 | 3 | 0.7 | 0 | 0 | 4.87 | |
| .48 | ئیمانم بە پێغمبەر و فەرموودەکان هەیە | 378 | 94 | 3 | 0.7 | 12 | 3 | 9 | 2.2 | 0 | 0 | 4.87 | |
| .49 | ئەگەر لە بابەتێکدا، شەرع شتێکی حەرام کردبێ، بەڵام کۆمەڵگای لای پەسند بێ، من ملکەچی لایەنی شەرعی دەبم | 279 | 69.4 | 48 | 11.9 | 42 | 10.4 | 18 | 4.5 | 15 | 3.7 | 4.39 | |
| .50 | لە شەرعی ئیسلامدا، باڵاپۆشی و شاردنەوەی جەستەی ژنان، فەرزە و ئەگەر ژن پابەندی نەبێت، گوناهبارە | 300 | 74.6 | 63 | 15.7 | 30 | 7.5 | 6 | 1.5 | 3 | 0.7 | 4.62 | |
| .51 | لە شەرعی ئیسلامدا، دەرکەوتن بە ئارایشتەوە، بۆ ژن حەرامە | 198 | 49.3 | 72 | 17.9 | 108 | 26.9 | 15 | 3.7 | 9 | 2.2 | 4.08 | |
| .52 | لە شەرعی ئیسلامدا، هەرجۆرە نەشتەرگەرییەکی جوانکاری کە تەنها بۆ مەبەستی جوانکاری بێ، حەرامە | 261 | 64.9 | 60 | 14.9 | 63 | 15.7 | 15 | 3.7 | 3 | 0.7 | 4.40 | |
| .53 | ئەوەی خوا لە قورئان و فەرموودەدا بۆ ژن دایناوە، باشترە لەوەی کۆمەڵگا یاخود مافی مرۆڤ بۆی داناوە | 324 | 80.6 | 48 | 11.9 | 30 | 7.5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4.73 | |
| .54 | لای من زۆر ئاساییە کە کچ و کوڕ لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبێ و نابێ هیچ بەربەستێکیان لە بەردەمدا هەبێ | 51 | 12.7 | 42 | 10.4 | 111 | 27.6 | 93 | 23.1 | 105 | 26.1 | 3.40 | |
| .55 | باکم پێ نییە و ناترسم لەوەی کە لە دواڕۆژدا لەبەر کردەوەکانم، لێپرسینەوەم لێ بکرێ | 24 | 6 | 12 | 3 | 72 | 17.9 | 63 | 15.7 | 231 | 57.5 | 4.16 | |
| .56 | ئەگەر کاربەدەست بووبام، شەرعی ئیسلامم نەدەکردە سەرچاوەوەکی یاسادانان | 15 | 3.7 | 6 | 1.5 | 63 | 15.7 | 45 | 11.2 | 273 | 67.9 | 4.38 | |
| .57 | نوێژ دەکەم | 339 | 84.3 | 30 | 7.5 | 12 | 3 | 9 | 2.2 | 12 | 3 | 4.68 | |
| .58 | ڕەمەزانان بەڕۆژوو دەبم | 384 | 95.5 | 6 | 1.5 | 0 | 0 | 3 | 0.7 | 9 | 2.2 | 4.87 | |
| .59 | قورئان دەخوێنمەوە | 168 | 41.8 | 96 | 23.9 | 99 | 24.6 | 33 | 8.2 | 6 | 1.5 | 3.96 | |
| .60 | لە ترسی خوا، باڵاپۆشم و ناهێڵم جوانییەکانم دەربکەوێ | 228 | 56.7 | 69 | 17.2 | 45 | 11.2 | 36 | 9 | 24 | 6 | 4.10 | |
| .61 | ئەگەر بیشزانم لە تاقیکردنەوەیەکدا دەکەوم، بەڵام لە ترسی خوا دەست بۆ گزی و غەش و قۆپیە نابەم | 288 | 71.6 | 45 | 11.2 | 36 | 9 | 27 | 6.7 | 6 | 1.5 | 4.45 | |
| .62 | لەگەڵ دایك و باوکمدا باشم و لە فەرمان و ڕاسپاردەیان دەرناچم | 294 | 73.1 | 75 | 18.7 | 18 | 4.5 | 12 | 3 | 3 | 0.7 | 4.60 | |
| .63 | ئەگەر باوك یان برام یاخود هاوسەرم، فەرمانێکم پێ بکەن کە بە دڵیشم نەبێ، بەرەنگاریان نابمەوە و بە گوێیان دەکەم | 240 | 59.7 | 87 | 21.6 | 39 | 9.7 | 27 | 6.7 | 9 | 2.2 | 4.30 | |
| .64 | ڕاستە کە شەرع بە ئارایشتەوە دەرکەوتنی ژنی پێ حەرامە بە بەرچاوی بێگانەوە، بەڵام من ناتوانم ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەم و پێم زەحمەتە ملکەچی بم | 72 | 17.1 | 54 | 13.4 | 66 | 16.4 | 78 | 19.4 | 132 | 32.8 | 3.36 | |
| .65 | پەیوەندیم لەگەڵ کوڕ هەیە لە ڕووی سێکسی و تێکەڵاوییەوە | 18 | 4.5 | 3 | 0.7 | 0 | 0 | 12 | 3 | 369 | 91.8 | 4.77 | |

## ٣,٦. ئەزموونی نۆرماڵبوونی داتاکان

پاش دڵنیابوونەوە لە قبوولبوونی ڕێژەی ڕاستییەتی و جێگیریی گۆڕاوەکان، پێویستە بۆ هەڵبژاردنی جۆری ئەزموونی شیکاری، لە نورماڵبوون و هێڵیبوونی گۆڕاوەکانیش دڵنیا بینەوە؛ چونکە بە پێی نۆرماڵبوون (گۆڕاوی پارامەتریك) یان نانۆرماڵبوون (گۆڕاوی ناپارامەتریك)، ئەزموون و ئاماری تایبەت و پێویست بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە هەڵدەبژێردرێن. داتای پارامەتریك بە ئەزموونی پارامەتریك (وەك هاوپەیوەندیی پیرسۆن و ڕێگرێشنی هێڵی) شی دەکرێنەوە، داتای ناپارامەتریکیش بە ئەزموونی ناپارامەتریك (وەك هاوپەیوەندیی سپیرمەن یان کەندالْ، ڕێگرێشنی لۆجستیك) لێك دەدرێنەوە (کریمی، ٢٠١٥: ١٩٠-٣٠٧).

بەم پێیە، سێ گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەمان کە لە بڕگەکانی پرسیارنامەمان (واتە گۆڕینیان بە گۆڕاوی ژمارەیی و پێوانەیی) کامپیۆت کراون، بە ڕێگەی باوی ئەزموونکردنی نۆرمالیتەبوونی داتاکان، تاقی کرانەوە؛ شێوازەکە بە پرۆگرامی SPSS جێبەجێ کرا، کە هەمان شێوەی کلاسیکی دەرخستنی ڕێژەی "قوپاوی/ Kurtosis" و "لاروگێڕی / Skewness" هەر یەك لە گۆڕاوەکانە، کە بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان، پێویستە لە نێوان (+٢ و -٢)

بێت (کلانتری، ٢٠١٦: ١٢٤). دوای جێبەجێکردنی ئەم ئەزموونە لەسەر گۆڕاوەکان، هەروەك لە خشتەکانی ژمارەی (٦)دا دەرکەوتووە، داتای گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەمان نۆرمال و پارامەتریکن؛ ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەتوانین ئەزموونی پارامەتریکی وەك "هاوپەیوەندیی پیرسۆن" و "ڕێگرێشنی هێلّی" و "شیکردنەوەی ڕێڕەو" بۆ شیکردنەوەی گریمانەکانمانبەکارببەین.

خشتەی ٦: ئەزموونی نۆرمالیتەبوونی گۆڕاوە سەرەکییەکان


**Tests of Normality**


| Skewness | Kurtosis | ناوی گۆڕاوە سەرەکییەکان | ژ |
|---|---|---|---|
| ٣٨٨. | ١٦٧. | خۆئارایشتکردنی کچان | ١ |
| -٢٣٨. | ٢٨٤. | سەرمایەی سێکسی | ٢ |
| ١,١٠ | ١,٠٦.- | دینداری | ٣ |

Kurtosis = (-2< Normal >+2)


Skewness = (-2< Normal >+2)


هەروەك لە شێوەکانی (١) و (٢) و (٣)یشدا دەبینین، نۆرماڵبوونی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەردەخات کە پەیوەندییان بە گریمانەکانی توێژینەوەکەمانەوە هەیە و دەمانەوێ بیانخەینە ناو ئەزموونی هاوپەیوەندی و ڕێگرێشندا. هەروەها هێلّیبوونی گۆڕاوەکانیش دوویات دەکاتەوە و مانای ئەوەیە کە دەتوانین وەکو داتای پارامەتریك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.








شێوەی ١: نۆرماڵبوون و هێڵیبوونی گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ دەردەخات




شێوەی ٢: نۆرماڵبوون و هێڵیبوونی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی دەردەخات




شێوەی ٣: نۆرماڵبوون و هێڵێبوونی گۆڕاوی دینداری دەردەخات

### ٤,٦. کاریگەریی گۆڕاوی "خۆئارایشتکردنی کچان" لەسەر "سەرمایەی سێکسی"

یەکێك لە گریمانەکانی توێژینەوەکەمان ئەوە بوو کە کچانی زانکۆ بۆ ئەوەی سەرمایەی سێکسیی خۆیان بەرز بکەنەوە، پەنا بۆ خۆئارایشتکردن دەبەن؛ واتە خۆئارایشتکردن دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەرمایەی سێکسی لای کچانی زانکۆ.

بۆ دووپاتکردنی ئەم گریمانەیە، سوود لە ئەزموونی ڕێگرێشنی هێڵی لە پرۆگرامی SPSS وەردەگرین. پاش جێبەجێکردنی ئەم ئەزموونە، چەند خشتەیەکمان دەداتێ کە سێ خشتەیان لێ شی دەکەینەوە کە پەیوەندییان بە وەڵامی ڕاستی یان هەڵەبوونی گریمانەکەمانەوە هەیە.

خشتەی یەکەم (ژمارە ٧) مۆدێلی ڕگرێشنیی هێڵیی گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ (وەکو گۆڕاوی سەربەخۆ و پێشبینیکەر) و گۆڕاوی "سەرمایەی سێکسی" (وەکو گۆڕاوی پاشکۆ و پێشبینیکراو) دەخاتە ڕوو، کە بە پێی خشتەکە، ڕێژەی (R) هاوکۆلکەی هاوپەیوەندیی فرەجۆر،

خشتەی ٧: مۆدێلی ڕیگرێشنی نێوان خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی سێکسی ڕوون دەکاتەوە

39.6% دەرچووە؛ بەو مانایەی کە لە نێوان بڕگەکانی گۆڕاوەکانی پێشبینیکەر و گۆڕاوی پێشبینیکراو هاوپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە؛ واتە بە هەر گۆڕانکارییەك

لە گۆڕاوی خۆئارایشتکردن بۆ نموونە زیادبوونی یەکەیەك لەو گۆڕاوە، نزیکەی 40% لە ڕێژەی سەرمایەی سێکسیی کچانی زانکۆ زیاد دەبێتەوە.

ڕێژەی ($R^2$) هاوکۆلکەی پێشبینیکەریش 15.8% دەرچووە کە پاش هەمووارکردنی بووەتە 15.6%؛ بەو مانایەی گۆڕاوی سەربەخۆی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ، توانیوە ڕێژەی نزیکەی 16%ی ڤاریانس و گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی پێشبینی و ڕوون بکاتەوە؛ ئەمەش نیشانەی گونجاوبوونی مۆدێلەکە و دووپاتبوونی گریمانەکەمانە. هاوکۆلکەی "دوربین واتسۆن"[٣٠]یش دیسانەوە بۆ گونجاوبوونی مودێلی ڕێگرێشنی بەکار دەبردرێت، کە لە بنەڕەتدا ڕێژەکەی لە نێوان سفر و چوارە (4<>0)؛ بە گوێرەی سەرچاوەکان بۆ ئەوەی گونجاوبوونی مودێلەکە بسەلمێنرێت، دەبێ ڕێژەی "دوربین واتسۆن" ژمارەیەك لە نێوان 1.5 و 2.5 بێت (Chatterjee, 2013: 469)؛ لەبەر ئەوەی لەم خشتەیەدا 2.095 دەرچووە، دیسانەوە ڕاستییەتی و گونجاوبوونی مۆدێلەکەمان بۆ دووپات دەکاتەوە.

| Model Summary[b] | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Durbin-Watson | Std. Error of the Estimate | Adjusted R Square | R Square | R | Model |
| 2.095 | 7.937 | .156 | .158 | .396[a] | 1 |
| a. Predictors: (Constant), خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | | | | | |
| b. Dependent Variable: سەرمایەی سێکسی | | | | | |

خشتەی (٨)یش شیکردنەوەی ڤاریانسی گۆڕاوەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بەڵگەمەندی و ماناداریی گشت مۆدێلەکەمان بۆ هەڵدەسەنگێنێت؛ ئەوەی لەو خشتەیەدا گرنگە، هاوکۆلکەی (F-Value)ـە کە لەبەر ئەوەی ڕێژەکەی لە

1.618 زیاتر دەرچووە، نیشانەی ئەوەیە کە مۆدێلەکە گونجاو و ڕاستە و ڕاستییەتیی گریمانەکەمان دووپات دەکاتەوە کە لە نێوان ئەو گۆڕاوانەی کە خراونەتە ناو ئەزموونی ڕگرێشندا،

ڕێژەی هاوپەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر بەڵگەمەندە. لەبەر ئەوەی ئاستی (P-Value)یش (ئاستی بەڵگەمەندی) لە 0.05 کەمترە (Sig.= .000)، مۆدیلەکە قبوڵ دەکرێت؛ بەو مانایەی کە دەتوانین ئەنجامەکانی ئەو مۆدیلە بە دڵنیاییەوە بەسەر گشت کچانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا ز

بگشتێنین؛ واتە ئەگەر ئەم پرسیارنامەیە لە چەند شوێنی دیکەی هەرێمدا، بە وەرگرتنی نموونەیەکی دیکە و لە کاتێکی دیکەشدا دووبارە بکەینەوە، هەتا 95% دیسانەوە ئەو دەرئەنجامانە دووبارە دەبنەوە و ئەو ئەنجامانە، بەرێکەوت یان شانسی نین و بەڵکو بەڵگەدارە.

خشتەی ٨: ڤاریانسی مودێلی نێوان خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی سێکسی ڕوون دەکاتەوە

| ANOVA[a] | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
| 1 | Regression | 711.365 | 1 | 711.365 | 11.292 | .000[b] |
| | Residual | 25199.702 | 400 | 62.999 | | |
| | Total | 25911.067 | 401 | | | |
| a. Dependent Variable: سەرمایەی سێکسی | | | | | | |
| b. Predictors: (Constant), خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | | | | | | |

خشتەی سێیەم لە مۆدیلەکەدا، خشتەی (٩)ـە کە هاوکۆلکەی (بێتا β)ی ڕێژەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر پاشکۆیە) لەگەڵ ئاستی بەڵگەمەندی و مانادارێتیی مۆدیلەکەمان بۆ دەردەخات؛ سەرەتا سەیری ڕێژەی (t-value) و (Significant) دەکەین کە (p-value)یش پێ دەگوترێت؛ دەبینین کە کاریگەرییەکەی گۆڕاوی

خۆئارایشتکردنی کچان لەسەر سەرمایەی سێکسییان بەڵگەمەند و متمانەپێکراوە؛ ڕێژەی کاریگەرییەکەش 39.6% دەرچووە؛ بەو مانایەی کە بە هەر گۆڕانکارییەك لە گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچان، ئاستی سەرمایەی سێکسیی کچانی زانکۆش نزیکەی 40% گۆڕانکاریی ڕاستەوخۆ بەسەردا دێت؛ بە پێچەوانەوەش دروستە.

خشتەی ٩: هاوکۆلکەی بێتای مودێلی نێوان خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی سێکسی ڕوون دەکاتەوە

| Coefficients[a] | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Model | | Unstandardized Coefficients | | Standardized Coefficients | t | Sig. |
| | | B | Std. Error | Beta | | |
| 1 | (Constant) | 100.731 | 2.181 | | 14.845 | .000 |
| | خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | .391 | .041 | .396 | 3.360 | .000 |

a. Dependent Variable: سەرمایەی سێکسی

**a. کاریگەریی گۆڕاوی "دینداری" لەسەر "سەرمایەی سێکسی"**

بە گوێرەی ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکەمان، سێ گۆڕاومان هەیە:

- گۆڕاوی سەربەخۆ (خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ)؛
- گۆڕاوی نێوەندگیر یاخود ناوبژیوان (دینداری)؛
- گۆڕاوی پاشکۆ (سەرمایەی سێکسی).

دەمانەوێ ڕێژەی کاریگەرییگۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچان پاش ناوبژیوانی و نێوندگیریی گۆڕاوی دینداری لەسەر سەرمایەی سێکسی بزانین. لەبەر ئەوەی پرۆگرامی SPSS

ئەو کارایی و بژاردەیەی تێدا نییە کە گۆڕاوی ناوبژیوان بخاتە ناو هاوکێشەی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و پاشکۆدا، سوود لە پرۆگرامی SmartPLS وەردەگرین کە بە ئاسانی ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر دەکات.

شێوەی خوارەوە (ژمارە ٤)، "مۆدیلی هاوکێشەی پێکهاتەیی"[٣١] ڕێرەوی هەر سێ گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ (وەکو گۆڕاوی سەربەخۆ و پێشبینیکەر) و گۆڕاوی "سەرمایەی سێکسی" (وەکو گۆڕاوی پاشکۆ و پێشبینیکراو) و گۆڕاوی "دینداری" (وەکو گۆڕاوی نێوەندگیر) لەگەڵ بڕگەکانیان دەخاتە ڕوو.


لە مودێلەکەدا، دوو ڕێرەو دەبینین:

- ڕێرەوی یەکەم: خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ -> دینداری؛
- ڕێرەوی دووەم: دینداری -> سەرمایەی سێکسی.

ڕێژەی هاوکۆڵکەی ڕێرەوی یەکەم کە هەمان ئاستی β (بێتا)یە، 29.7%- دەرچووە کە ڕێژەی t-valueکەی 2.494 دەرچووە؛ لەبەر ئەوەی لە بەهای 1.96 بەرزترە، نیشانەی بەڵگەداریی هاوکێشەکەیە (Walpole, 2006: 113) و دەکرێت ئەنجامەکانی بەسەر کۆمەڵگای کچانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بگشتێنین. لە شیکردنەوەی ئەم ڕێرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندیی نێوان دینداری و سەرمایەی سێکسی، دیسانەوەی هاوپەیوەندییەکی پێچەوانەیە؛ واتە ئاستی دینداری دەتوانێت نزیکەی 30% لە ڕێژەی سەرمایەی سێکسیی کچانی زانکۆ کەم بکاتەوە؛ بە پێچەوانەوە، بە بەرزبوونەوەی یەکەیەك لە سەرمایەی سێکسی، نزیکەی 30% لە ئاستی دینداریی کچان کەم دەبێتەوە و بە کەمکردنی یەکەیەك لە سەرمایەی سێکسی، نزیکەی 30% لە ئاستی دینداریی کچەکان بەرز دەبێتەوە.

ڕێژەی ($R^2$) هاوکۆلکەی پێشبینیکەریش 8.8% دەرچووە؛ بەو مانایەی گۆڕاوی سەربەخۆی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ، پاش ئەوەی بە گۆڕاوی دینداریدا وەك گۆڕاوی نێوەندگیر تێدەپەڕێت، ڕێژەی 8.8%ـی ڤاریانس و گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی سەرمایەی سێکسی ڕوون دەکاتەوە، کەچی ئەم ڕێژەیە لە ڕێکڕیشنی ڕاستەوخۆی نێوان دوو گۆڕاوەکەدا بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕاوی نێوەندگیر هەروەك لە خشتەی (٩)دا دەرکەوتووە، نزیکەی 16% بووە؛ ماناکەی ئەوەیە کە ئەگەر دینداری بکەوێتە نێوان گۆڕاوی خۆئارایشتکردن و سەرمایەی سێکسیدا، نزیکەی 50% کاریگەر دەبێت و هەم لە ڕێژەی خۆئارایشتکردن و هەم سەرمایەیسێکسیکەمدەکاتەو

شێوەی ٤: مودێلی هاوکێشەی پێکهاتەیی و شیکردنەوەی ڕێڕەوەکان پیشان دەدات




### ٦,٦.     کاریگەریی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

بۆ تاقیکردنەوەی بەشێکی دیکەی گریمانەکانمان، هەریەك لە گۆڕاوە گشتی و دیمۆگرافییەکانی توێژینەوەکەمان لەگەڵ گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆدا خستمانە ناو ئەزموونی ڕێگرێشنی هێڵیی فرەلایەنییەوە کە ئەنجامەکانی لە خشتەکانی خوارەدا هاتووە.

سەرەتا سەیری خشتەی (١٠) دەکەین کە 13 گۆڕاوی یەکەمی پرسیارنامەکە (کە گۆڕاوی دیمۆگرافیك و گشتین)، وەکو گۆڕاوی سەربەخۆ و پێشبینیکەر و کاریگەر سەیر کراون، لەگەڵ گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ وەکو گۆڕاوی پاشکۆ و پێشبینیکراو و کارتێکراو خراونەتە ناو مۆدیلەکەدا. بە پێی خشتەکە، ڕێژەی (R) هاوکۆڵکەی هاوپەیوەندیی فرەجۆر، نزیکەی

38% دەرچووە؛ بەو مانایەی کە لە نێوان برگەکانی گۆڕاوەکانی پێشبینیکەر و گۆڕاوی پێشبینیکراو هاوپەیوەندییەکی نزیك لە مامناوەندی هەیە. ڕێژەی ($R^2$) هاوکۆلکەی پێشبینیکەریش نزیکەی 14.5% دەرچووە کە پاش هەموارکردنی بووەتە 11.5%؛ بەو مانایەی 13 گۆڕاوە سەربەخۆیەکە، توانیویانە هەرهەموویان پێکەوە ڕێژەی 11.5%ی ڤاریانس و گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ ڕوون بکەنەوە؛ کە دوربین واتسۆن کە 1.878 دەرچووە، ڕاستییەتی و نیشانەی گونجاوبوونی مۆدیلەکەیە و ئەوەیش بە هاوکۆلکەی گونجاوبوونی ئەك مۆدیلەش دووپات دەکرێتەوە.

خشتەی ١٠: پوختەی مودێلی ڕێگرێشنی نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و خۆئارایشتکردنی کچان: هاوکۆلکەی هاوپەیوەندیی فرەجۆر، هاوکۆلکەی دەستنیشانکەر و دۆربین واتسۆن

**Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate | Durbin-Watson |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .379[a] | .144 | .115 | 16.264 | 1.878 |

a. Predictors: (Constant), Q1, Q2, Q3, Q4, Q5, Q6, Q7, Q8, Q9, Q10, Q11, Q12, Q13

بە پێی خشتەی (١١) کە شیکردنەوەی ڤاریانسی گۆڕاوەکان دەخاتە ڕوو، هاوکۆلکەی (F-Value) لەبەر ئەوەی لە 1.618 زیاترە، لە گونجاوبوونی مۆدیلەکە دڵنیا دەبینەوە (Lomax & Hahs-Vaughn, 2007: 10)؛ بە تایبەتی کە ئاستی (P-Value)یش لە 0.05 کەمترە (Sig.= .000)، مۆدیلەکە قبوڵ دەکرێت و بە تەواوەتی ڕەوایەتی هەیە و دەتوانین بەسەر هەموو کۆمەڵگادا بگشتێنین

خشتەی ١١: شیکردنەوەی ڤاریانسی مۆدیلی ڕێگرێشنی نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و خۆئارایشتکردنی کچان پیشان دەدات

**ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 17240.064 | 13 | 1326.159 | 5.014 | .000[b] |
| | Residual | 102630.466 | 388 | 264.512 | | |
| | Total | 119870.530 | 401 | | | |

a. Dependent Variable: ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ
b. Predictors: (Constant), Q13, Q7, Q8, Q6, Q1, Q2, Q10, Q5, Q9, Q3, Q4, Q12, Q11

خشتەی سێیەم کە لە مۆدیلی ڕێگرێشنیدا زۆر گرنگە، خشتەی (١٢)یە کە هاوکۆلکەی بێتا (β) و ئاستی بەڵگەمەندی و مانادارێتیی مۆدیلەکەمان بۆ دەردەخات؛ ئەگەر سەیری ڕێژەی (t-value) و Significant-ەکان بکەین، کە هەمان ئاستی (p-value)یە، دەبینین کە لە نێوان ١٣ گۆڕاوەکەدا، تەنها گۆڕاوی برگەی ٣، ٤، ٥، ٧ و ٩ بەڵگەمەندن و ئەوانی دیکە، لەبەر ئەوەی ڕێژەی p-valueکەیان لە 0.05 زیاتر و t-valueکەش لە 1.96 کەمتر دەرچووە، لە هاوکێشەکەدا حیسابی بۆ ناکرێت و بێتاکەی هەرچەندێکیش بێت، ڕەچاوی ناکەین؛ بۆیە تەنها سەیری گۆڕاوەکانی بەڵگەمەند دەکەین کە بە تەرتیبی گەورە و کاریگەرتر بریتین لە: کاریگەریی گۆڕاوی "Q9 / وەرزشکردن" بە ڕێژەی بێتای 0.231- نیشان دەدات کە ئەو کچانەی کە زیاتر وەرزش دەکەن، کەمتر گرنگی بە خۆئارایشتکردن دەدەن؛ بە گۆڕانکاری لە هەر یەکەیەك لە وەرزشکردن، نزیکەی 23% کار دەکاتە سەر خۆئارایشتکردن؛ بەو مانایەی ئەگەر یەکەیەك لە وەرزشکردن زیاد بێ، 23% ڕێژەی خۆئارایشتکردن کەم دەبێتەوە. ئینجا گۆڕاوی "Q5 / جۆری خانوو" بە ڕێژەی 20.2% و گۆڕاوی "Q4 / باری ئابووری" بە ڕێژەی 19.3% کار دەکەنە سەر خۆئارایشتکردن؛ واتە ئەو کچانەی کە خانووی خۆیان هەیە و باری ئابوورییان باشترە، بە تێکڕا نزیکەی 20% زیاتر لەوانی دیکە کە خانوویان کرێیە یاخود باری ئابوورییان باش نییە، ئارایشت دەکەن. ئینجا گۆڕاوی "Q3 / باری کۆمەڵایەتی" بە ڕێژەی 13% کار دەکاتە سەر ڕەوشی خۆئارایشتکردن. لە کۆتاییدا گۆڕاوی "Q7 / ماوەی خەریکبوون بە خوێندن و دەرسکردن" دێت کە ڕێژەی -0.117 کار دەکاتە سەر خۆئارایشتکردن؛ بەو مانایەی ئەو دەرسکردن، نزیکەی 12% لە ڕێژەی گرنگیدان بە خۆئارایشتکردن کەم دەبێتەوە.

کچانەی کە ڕۆژانە ماوەیەکی زیاتر بۆ خوێندن و دەرسکردن تەرخان دەکەن، کەمتر گرنگی بە خۆئارایشتکردن و ماکیاژ دەدەن؛ بە زیادبوونی هەر یەکەیەك لە خوێندنی کتێب و

خشتەی ١٢: هاوکۆلکەی بێتا و ئاستی بەڵگەمەندیی مۆدیلی ڕگرێشنی نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و خۆئارایشتکردنی کچان پیشان دەدات

**Coefficients[a]**

| Model | | Unstandardized Coefficients B | Unstandardized Coefficients Std. Error | Standardized Coefficients Beta | t | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | (Constant) | 85.983 | 11.961 | | 7.189 | **.000** |
| | تەمەن Q1 | -.337 | .352 | -.048 | -.959 | .338 |
| | جۆری زانکۆ Q2 | -3.383 | 2.494 | -.067 | -1.357 | .176 |
| | باری کۆمەڵایەتی Q3 | 4.081 | 1.627 | .130 | 2.508 | **.013** |
| | باری ئابووری Q4 | 4.501 | 1.205 | .193 | 3.736 | **.000** |
| | جۆری خانوو Q5 | 5.355 | 1.335 | .202 | 4.011 | **.000** |
| | شێوازی هاتوچۆ بۆ زانکۆ Q6 | -2.678 | 1.377 | -.100 | -1.945 | .053 |
| | ماوەی خەریکبوونی ڕۆژانە بە دەرس و خوێندنەوە Q7 | -1.566 | .683 | -.117 | -2.294 | **.022** |
| | ماوەی خەریکبوونی ڕۆژانە بە سۆشیاڵمیدیا Q8 | -.321 | .761 | -.022 | -.422 | .673 |
| | ماوەی خەریکبوونی ڕۆژانە بە وەرزشکردن Q9 | -3.790 | .842 | -.231 | -4.499 | **.000** |
| | ماوەی خەریکبوونی ڕۆژانە بە ئارایشتکردن Q10 | .846 | 1.127 | .037 | .751 | .453 |
| | بڕی پارەی سەرفکراوی مانگانە بۆ ئارایشتکردن Q11 | -.120 | 1.918 | -.003 | -.062 | .950 |
| | ئاراستەی ئەندامانی خێزان سەبارەت بە ئارایشتکردن Q12 | .640 | 1.121 | .030 | .571 | .569 |
| | جۆری بنەماڵە و خێزان لە ڕووی نەریتی و مودێرنەوە Q13 | -.217 | .785 | -.013 | -.276 | .783 |

a. Dependent Variable: خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

## ٧. دەرئەنجام و ڕاسپاردە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە، شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی پەیوەندیی نێوان "سەرمایەی سێکسی" و "دینداری" و "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستان بوو، کە وەك دیاردەیەکی مودێرنی کۆمەڵایەتی لەژێر ناونیشانی "کۆمەڵناسیی جەستە"دا سەیر دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، تیۆرێکی نوێ لەم بارەیەوە ئاماژە پێ کرا کە بریتی بوو لە: تیۆری سەرمایەی سێکسیی کاترین حەکیم.

لە ئەنجامدا، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. لە نێوان دیاردەی "خۆئارایشتکردن" و "سەرمایەی سێکسی" پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئەرێنی هەیە [β=40%]؛ واتە کچانی زانکۆ لەپێناو بەرزکردنەوەی سەرمایەی سێکسیی خۆیان، خۆیان ئارایشت دەکەن. هەروەها نزیکەی 16%ـی ڤاریانسی سەرمایەی سێکسی بە هۆی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆیەوە پێشبینی کراوە؛ بەشەکەی دیکە دەبێ بە هۆی گۆڕاو یاخود هۆکارەکانی دیکەوە ڕوون بکرێتەوە؛ ئەمەیش پێویستە بە توێژینەوەیەك یان چەند توێژینەوەی دیکە ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە.

٢. لە نێوان گۆڕاوی "خۆئارایشتکردن" و "دینداری" هاوپەیوەندییەکی پێچەوانە و نەرێنی هەیە [β=-55%]؛ واتە دینداریی کچانی زانکۆ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی خۆئارایشتکردنیان؛ بە پێچەوانەوە بە دابەزینی هەر یەکەیەك لە ئاستی دینداری، نزیکەی 55% لە ڕێژەی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ زیاد دەبێتەوە؛ کەواتە ئەگەر دینداری و پابەندیی ئایینیی کچانی زانکۆ نەبێت، بە ڕادەیەکی زۆر ڕوو لە ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوە دەکەن.

٣. لە نێوان گۆڕاوی "دینداری" و "سەرمایەی سێکسی"یش هەروەك لە گریمانەکانی توێژینەوەکەماندا هاتبوو، هاوپەیوەندییەکی پێچەوانە و نەرێنی هەیە [β=30%]؛ واتە

دیسانەوە دینداری دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهای سەرمایەی سێکسیی کچانی زانکۆ.

٤. هەروەك بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دیارە، ئەگەر گۆڕاوی دینداری وەك گۆڕاوی ناوبژیوان و نێوندگیر بکەوێتە نێوان گۆڕاوی "خۆئارایشتکردن" و "سەرمایەی سێکسی"ـی کچانی زانکۆ، نزیکەی 50% لە بەهای هاوکۆلکەی دەستنیشانکەری ڕێڕەوە ناڕاستەوخۆیەکەی (خۆئارایشتکردن ->دینداری-> سەرمایەی سێکسی) کەم دەکاتەوە؛ هەروەك بینیمان لە نزیکەی 16% بووە 8.8%.

٥. لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانیشدا، ئەوانەی هاوپەیوەندییەکی بەڵگەداریان هەبووە لەگەڵ "خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ"، بە تەرتیب لە گەورە بۆ بچووکەوە بریتی بوون لە گۆڕاوی "وەرزشکردنی ڕۆژانە" [β=-23.1%]، گۆڕاوی جۆری خانوو [β=20.2%]، گۆڕاوی "باری ئابووری" [β=19.3%]، گۆڕاوی "باری کۆمەڵایەتی" [β=13%]، گۆڕاوی "ماوەی دەرسکردن و خوێندنەوەی ڕۆژانە" [β=-11.7%]؛ کەواتە وەرزشکردن و دەرسکردن و خوێندنەوەی ڕۆژانە لەبەر ئەوەی ڕێژەی بێتاکەیان نگەتیڤ دەرچووە، کاریگەرییان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ؛ بە واتایەکی دی، چەند کچەکان وەرزشی زیاتر بکەن و زیاتر دەرس بکەن و خوێنەرتر بن، بە تەرتیب نزیکەی 23% و 12% کەمتر ڕوو دەکەنە خۆئارایشتکردن و کەرەستەی ماکیاژکردن؛ کەچی باری کۆمەڵایەتی و باری ئابووری و جۆری خانوو، هاوپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئەرێنیی هەبووە لەگەڵ خۆئارایشتکردنی کچاندا.

کچانی زانکۆ، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی گەنجیدان و بەشێکی زۆریان هێشتا ژیانی هاوسەرێنییان پێك نەهێناوە، هێشتا نەچوونەتە سەر کاروپیشەیەك، تەنانەت لە دەرفەتی خوێندندا کە سەرەڕای ئەوەی هەموویان تێیدا هاوبەشن، بەڵام لە سەرکەوتن و دەرچوون بە نمرەی بەرزتر لەگەڵ یەکتر ڕکابەرایەتی دەکەن، بۆیە هەروەك کاترین حەکیم جەختی دەکردە سەر ڕکابەرایەتی و پێشبڕکێ لەسەر دەستکەوتی سەرمایەی سێکسی و شەهەوانی، بۆ ئەوەی لە دەرفەتی کۆمەڵایەتییەکاندا بێبەش نەکرێن و لە ڕکابەرایەتییەکاندا نەدۆڕێنن، زیاتر پەنا دەبەنە بەر ڕواڵەت و خۆجوانکردن و ئارایشتکردن وەك ماسك و روخسارێکی دەستکرد بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕواڵەتەوە سێکسیتر و وروووژێنەرتر و پەسندکراوتر و مەقبوولتر دەربکەون؛ چونکە وەك ئەنجامی توێژینەوەکەمان دەسەلمێنێت، کچانی زانکۆ دەزانن کە ژیانی جەستەپەسندی و ڕواڵەتگەرایانەی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی لە ڕووی سێکسییەوە ڕۆڵێکی جوانتر بگێڕێت و جوانتر و ڕازاوەتر و ئاڵۆشاویتر دەربکەوێت، لە خوێندندا کەمتر دەمێنێتەوە، لە دۆزینەوەی کاروپیشەدا سەرکەوتووترە و، ئاسانتریش هاوسەر یان هاوژین و دۆستێکی دەست دەکەوێت.

ڕاسپاردەی توێژەر بۆ ئەو توێژەر و کۆمەڵناسان کە دەیانەوێ گرنگی بە بواری "جەستە" بدەن، ئەوەیە کە پەرە بە وردەکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بدەن؛ هەروەك گوتمان توێژینەوەکەمان توانیی تەنها بەشێك لە ڕەهەندەکانی دیاردەی خۆئارایشتکردنی کچانی زانکۆ شرۆڤە و ڕوون بکاتەوە، بەشەکەی دیکە پێویستە بە توێژینەوەکانی دیکە پڕ بکرێتەوە؛ بۆیە توێژەر پێشنیاز دەکات بەشی کۆمەڵناسی و دەروونناسیی ئەو زانکۆیانەی کە ئەم بەشانەیان هەیە، توێژەرانێك ڕابسپێرێت کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە، هەم بە ڕێبازی چۆنایەتی و هەم چەندایەتی و تەنانەت تێکەڵاو، بپرژێنە سەر بابەتی بەڕێوەبردنی جەستە، ئارایشتکردن، شیکپۆشی، نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕواڵەتگەرایی.

**پەراوێزەکان:**

1. Catherine Hakim (1948-Present)
2. Sexual Capital
3. Erotic Capital
4. Honey Money: The Power of Erotic Capital
5. Gary Stanley Becker (1930-2014)
6. Pierre Bourdieu (1930-2002)
7. Field Theory
8. Quantitative Research
9. Survey
10. Questionnaire
11. Likert Scale
12. Stratified random sampling
13. Validity
14. Face Validity
15. Content Validity
16. Construct Validity
17. Exploratory Factor Analysis
18. Kaiser - Meyer - Olkin
19. Bartlett’s test of sphericity
20. Reliability
21. Cronbach Alpha Formula
22. Significant
23. Statistical Package for the Social Sciences
24. Compute Variable
25. Descriptive statistics
26. Inferential statistics
27. Pearson correlation
28. Linear regression
29. Path analysis
30. Durbin - Watson
31. Structural Equation Modeling (SEM)

## سەرچاوەکان


انوری، حسن (٢٠٠). "فرهنگ بزرگ سخن". تهران: انتشارات سخن.

بازرگان، عباس (٢٠٠٦). "روشهای تحقیق در علوم رفتاری". تهران: انتشارت آگاه.

دواس، دی. ای. (١٩٩٧). "پیمایش در تحقیقات اجتماعی". ترجمه: هوشنگ نایبی. تهران: نشر نی.

ضیاءپور، آرش و ابراهیمی، قربانعلی (٢٠١٢). "بررسی جامعه‌شناختی تأثیر سرمایه فرهنگی بر مدیریت بدن (مطالعه تجربی جوانان شهر گیلانغرب)". جامعه شناسی کاربردی دانشگاه اصفهان. 23 (1): ١٤٨-١٢٥.

کریمی، رامین (٢٠١٥). "راهنمای آسان تحلیل آماری با SPSS". تهران: نشر هنگام.

کلانتری، خلیل (٢٠١٦). "پردازش و تحلیل داده‌ها در تحقیقات اجتماعی– اقتصادی با استفاده از نرم‌افزار SPSS". تهران: نشر فرهنگ صبا.

کیا دربندرسری، علی (٢٠١٥). "مدیریت بدن با تأکید بر نگرش اسلامی". قم: انتشارات آل یاسین.

وەزارەتی خوێندنی باڵا (٢٠٢٢). "ئاماری قوتابیان بە پێی ناوخۆی هەرێم و دەرەوەی هەرێم و ڕەگەز بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢". بەشی ئامار لە فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون.

یوردوسف، احمد نوری (١٩٩٣). "سطح تحلیل و واحد تحلیل: موردی برای تمایز". میلنیوم: ٢٢(١).

Becker, Gary S. (1976). "The Economic Approach to Human Behavior". Chicago and London: The University of Chicago Pres.

Carrie r. Howell, et al., (2020). "Area based stratified random sampling using geospatial technology in a community-based survey". BMC Public Health

Chatterjee, Samprit & Simonoff, Jeffrey (2013). "Handbook of Regression Analysis". New Jersey: John Wiley & Sons.

Farrer, J. (2010). "A foreign adventurer's paradise? Interracial sexuality and alien sexual capital in reform era Shanghai". Sexualitie, 13(1): 69–95.

Green, Adam Isaiah. (2008). "The Social Organization of Desire: The Sexual Fields Approach". Sociological Theory. Philadelphia, PA: American Sociological Association, 26: 25–50.

Hakim, Catherine (2010). "Erotic Capital". European Sociological Review. 26 (5): 499–518.

Hakim, Catherine (2011). "Honey Money: The Power of Erotic Capital". London: Penguin Books Limited.

Hakim, Catherine. (2015). "Economices of desire: Sexuality and the sex industry in the 21ST century". Economic affairs, 35(3): 329-348.

Holdcroft, Barbara (2006). "What is Religiosity?". Catholic Education: A Journal of Inquiry and Practice. 10 (1): 89–103.

Likert R. A., (1932). "Technique for the measurements of attitudes. Archives of psychology". 140(22): pp. 5-55.

Lomax, Richard G. & Hahs-Vaughn, Debbie L. (2007). "Statistical Concepts: A Second Course". London: Routledge Academic.

Mulaik, S. A., (2010). The foundations of factor analysis. 2nd ed., Boca Raton, FL: Chapman & Hall/CRC.

Prieto, Hurtado Jimena (2005). "The utilitarian foundations of the economic approach to human behavior". Documento CEDE, 27: 1-31.

Statista (2023a). "Retail e-commerce sales compound annual growth rate (CAGR) from 2023 to 2027, by country". From:
https://www.statista.com/forecasts/220177/b2c-e-commerce-sales-cagr-forecast-for-selected-countries

Statista (2023b). "Beauty & Personal Care – Iraq". From:
https://www.statista.com/outlook/cmo/beauty-personal-care/iraq#revenue

Taylor, Catherine S., (2013). "Validity and Validation". Oxford University Press.

Walpole, Ronald E. (2006). "Probability & statistics for engineers & scientists". Myers, H. Raymond. New Delhi: Pearson.

## The relationship between “Sexual capital”, “Religiosity” and “University girls' Makeup” in Kurdistan Region

### A field research in public and private universities in Erbil

Faez Ibrahim Muhammad
Dep. of Mass Communication, College of Art, Salahaddin University

**Abstract**

This research was conducted with the aim of investigating the relationship between sexual capital, religiosity, and makeup of university girls in the Kurdistan region and how they affect each other. Since the type of research is "quantitative", it is based on the "survey method" and "questionnaire". The sampling method in this research was "stratified random sampling". The questionnaire was distributed among 402 female students in Erbil public and private universities, and SPSS and SmartPLS software was used for data analysis. The results of the research indicate that there is a direct relationship between "sexual capital" derived from Catherine Hakim's theory and "university girls' makeup" in the Kurdistan region. The type of Correlation and the effect of these two variables with "religiosity" are opposite and negative. After linking the "Makeup" variable with the demographic variables and placing them in the linear regression model, it was found that daily "exercise" and "study" have an inverse Correlation, while "social status" and "economic status" have a direct Correlation.

**Keywords:** Makeup, Sexual Capital, Religiosity, Physical Capital, University girls.

## العلاقة بين "رأس المال الجنسي" و"التدين" و"مكياج البنات الجامعيات" في إقليم كوردستان

### بحث ميداني في الجامعات الحكومية والأهلية في مدينة أربيل

فائز إبراهيم محمد
قسم الإعلام، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين

**الملخص**

أجري هذا البحث بهدف التعرف على العلاقة بين رأس المال الجنسي والتدين والمكياج لدى الفتيات الجامعيات في إقليم كردستان ومدى تأثيرهن على بعضهن البعض. وبما أن نوع البحث "كمي" فهو يعتمد على "منهج المسح" و"أداة الإستبيان". وكانت طريقة أخذ العينات في هذا البحث هي "العينة العشوائية الطبقية". تم توزيع الإستبيان على ٤٠٢ طالبة في جامعات أربيل الحكومية والأهلية، وتم إستخدام برنامج SPSS وSmartPLS لتحليل البيانات. تشير نتائج البحث إلى وجود علاقة مباشرة بين "رأس المال الجنسي" المستمد من نظرية كاثرين حكيم و"مكياج البنات الجامعيات" في إقليم كردستان. ونوع العلاقة وتأثير هذين المتغيرين بـ "التدين" هي عكسية وسلبية. وبعد ربط متغير "المكياج" مع المتغيرات الديموغرافية ووضعها في نموذج الانحدار الخطي، تبين أن "الرياضة" اليومية و"الدراسة" لهما علاقة عكسية، في حين أن "الحالة الإجتماعية" و"الحالة الإقتصادية" لهما علاقة مباشرة وإيجابية.

**الكلمات المفتاحية:** المكياج، رأس المال الجنسي، التدين، رأس المال الجسمي ، البنات الجامعيات.